# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## ژمارە ٧٠ی گۆڤاری «ژنان»

پێرستی بابەتەکان

١- پێریستی بابەتەکان
٢کورتە ئاوڕێک لە مێژووی ٨ی مارس
٤- پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر بەهێزکردنی ئابووری ژنان
٧- ئابووری و ژنان، ئاستەنگەکانی سەدەی بیست و یەک
١٠ـ دەستاوەستکردنی دۆخی ئابووری ژنانی ئێران لە سەدەی ٢١دا
١١- گفتوگۆیەک لەگەڵ خاتوونێکی خاوەنکار
١٣- چیرۆکی ئیلهامبەخشی ژنانی خاوەنکار
١٧- «ژنان و بەهێزکردنی ئابووری»
١٨- بارودۆخی ئابووری و بەشداری ژنان لە بزووتنەوەی کوردستان( شیکارییەکی سیاسیی–کۆمەڵایەتی)
٢٠- هۆکاری سەرهەڵدانی هەشتی مارس
٢٢- ئابووری بەردەوام بە بەشداری یەکسانی ژنان
٢٦ـ «ئابووری و ژنان، و چەڵێنجەکانی سەدەی بیست و یەک»
٢٨ـ بەهێزبوونی ژنان لە بواری ئابووریی و کاریگەریی لەسەر ژیانیان
٣١ـ پێشنیارەکان بۆ پەرەپێدانی سیاسەت و کولتوری ئابووری بۆ پاڵپشتیکردنی ژنان

٣٢ـ اقتصاد و زنان، چالش های قرن بیست و یکم!
٣٥ـ «اقتصاد پایدار با مشارکت برابر زنان»
٣٨- اقتصاد و زنان؛ چالش‌ها و فرصت‌های قرن بیست و یکم
٤٠- پیشنهاداتی برای بهبود سیاست‌ها و فرهنگ اقتصادی به منظور حمایت از زنان

سەرنووسەری گۆڤار:
نەسرین یوسفزداە
دەستەی نووسەران:
نەسرین یوسفزادە
ئازاد مستۆفی
شەهێن بایزیدیپوور
سروە زەندی

**نووسەران و وەرگێڕانی ئەو ژومارەیە**
ن: نەسرین یوسفزادە
ن: ئازاد مستۆفی
و: شەهێن حوسێنی
ن: کارین
دیمانە: شاماران
ن: دایکی میلینا
ن: ماریا وەیسی
ن: کوێستان عومەرزادە
و: فاتمە مەلەکی
و: سەرگوڵ ئیبراهیم نەژاد
توێژینەوە: باوکی ئەوین
و: نگین یوسفی

ن: نیرە انصاری
ن: زیبا بەختیاری
ن:دیاکو شفیعی
ن: مینا احدی

کاری فەنی
دیزاین:
نەسرین یوسفزادە
دیزاینی بەرگ:
هەژار خەندانی

هاوکاران: شاماران
فاتمە مەلەکی
شەهێن حوسێنی
نگین یوسفی
سەبری فەرەهمەند
و سروە زەندی

**بۆ پێوەندی کردن بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران:**
**لینکی گۆڤاری ژنان لە سایت:** https://www.kurdwomen.org/category
**٠٠٩٦٤٧٥٠١٢٢٠٨٧٣**
**٠٠٩٦٤٧٥٠٢١٣٧١٠٩**

# کورتە ئاوڕێک لە مێژووی ٨ی مارس



نەسرین یوسفزادە

ڕۆژی جیهانی ژنان هاوکاتە لەگەڵ خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دژی هەڵاواندن، و بەتایبەت هەڵاواردنی جێندەری و ڕەگەزییە. یانی لەو کاتەوە خەبات دژی هەڵواردن دەستی پێکردووە ئەوەش وردەوردە پەرە دەستێنێ. ئەو ڕۆژە ڕۆژی یەکگرتن بۆ خەبات لە پێناو یەکسانی مافەکان و هەلومەرجی باشی ژیان بۆ ژنانە.

هەڵبژادرنی ٨ی مارس وەک ڕۆژی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی ژنانی کرێکاری پیشەسازی کارگەی ڕستن و چنین لە ساڵی ١٨٥٧ لە شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا، کە هەلومەرجی سەختی کار و مووچەی کەم و بێ حەسانەوەی کرێکارانی ژن کە لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ کە هاوڕێ لەگەڵ پیاواندا هاتبوونە مەیدانی کار و پیشەوە؛ ناچاریان دەکردن کە بە کەمترین مووچە و ڕۆژانە چەندی کاتژمێر کار بکەن بۆیە ناچار بوون دەست بدەنە خەبات بە شێوەی ڕێکخراو و بە دژی ئەو نادادپەروەرییە. لەو ڕۆژەدا کرێکارانی ژنی کارگەی ڕستن و چنین بۆ بەرهەڵستکاری هەل ومەرجی سەخت و دژواری کار و دۆخی ئابووری خۆیان مانیان گرت.

لە هەشتی مارسی ١٩٠٨دا دوای تێپەڕینی پتر لە ٥٠ ساڵ کرێکارانی ژنی کارگەی ڕستنن و چنینی شاری نیۆیۆرک لەگەڵ بیرەوەری مانگرتن لەو ڕۆژەدا و لەگەڵ هەڵاواردن و بێبەشکردن و گوشاری کار مووچەی یەکجار کەمدا مانگرتنی خۆیان دەست پێکرد. خاوەنی کارگەکە بە یارمەتی پاسەوانەکان بۆ پێشگرتن لەو یەکگرتن و سەرهەڵدانەی ژنانی بەشەکانی دیکە لەو مانگرتنە، ئەو ژنانەیان لە شوێنی کارەکەیان واتە کارگەی ڕستن و چنین زیندانی کردن و دوای چەند کاتژمێر ئەو شوێنە ئاگری گرت و تەنیا بەشێکی کەم لەو ژنانە ڕزگاریان بوو و ١٢٩ ژن بوونە قوربانی

هەر بۆیە ٨ی مارس لەسەر بنەمای خەبات لە پێناو مافەکانی ژنان ساڵەکانی دواتر لە ولاتە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا و ئەمەریکا ژنان بە شێوەی خۆپیشاندان و مانگرتن دژی گوشار و هەڵاواردن و چەوسانەوە و هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسان لە کۆمەڵگەدا و دژی سیستمی پیاوسالاری درێژەی دا و هەر بەردەوام بوو. یەکێک لە گرینگترین لایەنگرانی ژنان لە وڵاتی ئەڵمانیا خاتوو کلارا زیتکین بوو ( ١٨٥٧ – ١٩٣٣) کە داخوازەکانی خەباتی ژنانی لە ئەڵمانیادا خستەڕوو و گرینگترینی ئەو داخوازیانە بریتی بوون لە هەشت کاتژمێر کاری ڕۆژانە بۆ ژنان، مافی تەرخان کردنی کاتی پشوودان و هەروەها کاتی مۆڵەتی منداڵبوون و یەکسانی مافەکانی ژنان و پیاوان لە هەمبەر یاسادا

لە ئەورووپا، دووهەمین کۆنفرانسی سۆشیالیستیی نێونەتەوەیی ژنان کە ١٠٠ بەشداربووی لە ١٧وڵاتی جیهانی لەخۆیدا کۆکردبوویەوە و تێیدا بەشدار بوون لەسەر پێشنیاری کلارزیتکین لە ڕۆژی ٢٧ی ئاگۆستی ساڵی ١٩١٠ لە شاری ئۆپێنهاکی دانمارک، ڕۆژی ٨ی مارس وەکوو ڕۆژی ژن بۆ پشتیوانی کردن لە مافەکانی ژنان لە هەمبەر هەڵاواردنی جۆراوجۆر و هەموولایانە هەڵبژێردرا و دابین کرا

یەکەم ساڵوەگەڕی ڕۆژی جیهانیی ژن لە مانگی مارسی ساڵی ١٩١١ لە وڵاتانی دانمارک، ئەڵمانیا، نەمسا، سوئیسرا و ئەمەریکا و... بەڕێوە چوو. بە ملیۆنان ژن لەو بۆنەیەدا بەشداریان کرد و بنەڕەتیترین داخوازەکانی ژنان بریتی بوون لە چەسپاندنی هەندێک یاسا بۆ ناکۆکی کردن لەسەر مافەکانی ژنان سەبارەت بە کار و پیشە، مافی دەنگدان و بەشداربوون لە هەڵبژاردن، دژایەتیکردن لەگەڵ شەڕە ئیمپریالیستیەکان، یەکسانیی ژن و پیاو لە هەمبەر کار و پیشەی یەکسان، هەشت کاتژمێر کاری ڕۆژانە، پشتیوانی لە دایک و منداڵەکەی و هەروەها دیاریکردنی لانیکەمی کرێی کار

بەهۆی قەیرانی گشتیی ئابووریی جیهان لە سییەکاندا واتا دەیەی ساڵی ١٩٣٠ و هەر لە ئەو پەیوەندییەدا کە مەترسیی فاشیزم هاتبووە ئاراوە و بابەتی خەباتی ژنان کەوتە پەراوێز و بووە بەشێکی لاوەکی کە زۆر گوێی پێنەدرا. لە نێوان دوو شەڕی جیهانیشدا جگە لە بابەتەکانی پێشوو مافی یاسایی لەباربردنی منداڵ و پشتیوانی لە دایکان گرینگییەکی تایبەتی پەیدا کرد. ئەو خەباتە وردە وردە بووە بزووتنەوەیەکی بەرچاو و بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە ئەوکات سەرتاسەری ئەورووپای داگرتبوو ساڵێ نزیکەی یەک ملیۆن ژن بەناچاری تووشی لەباربردنی منداڵ دەکران. بەهۆی کاریگەریی نەرێنیی ئەو لەباربردنە لەساڵی ١٩٣١دا تەنیا لە وڵاتی ئەڵمانیا چل و چوار هەزار ژن گیانی لەدەست دا.

لەلایەکی دیکەشەوە مەسەلەی یەکسانی کرێی کار لە بەرامبەر کار و پیشەی یەکساندا، واتا ژن و پیاو لە یەک کاتدا هەردووکیان یەک کار بکەن. بەهۆی ئەوەی کەی مووچەی پیاوان لە ژنان زۆرتر بوو. لەگەڵ هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی دیکتاتۆری و فاشیستی لە وڵاتی ئەڵمانیادا و قەدەغەکردنی هەرجۆرە کۆبوونەوەی نارەزایی دژی ئەو دەسەڵاتە، بەڕێوەچوونی ئەو بۆنەیە و ئەو ڕۆژە چیتر ڕێگەی پێنەدرا. لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو ساڵانەدا خەباتکارانی مافی ژنان پێداگرییەکی زۆریان بەسەر دۆخی ئابووریی ژنان و گوشار و هەڵاواردن لە شوێنی کار لەسەریان بوو و کەمتر باس لە پێکهاتەی ئاڵۆز و پیاوسالارانەی کۆمەڵگەدا دەکرد ژنانی ئازا لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا خواستەکانی خۆیان بۆ لابردنی هەڵاواردن لەسەر بنەماڵە و کار و ئیش و پەروەردەی ژنان هێنابووە بەرباس و لێکدانەوە

دوای شەڕی جیهانیی دووهەم لە وڵاتانی ئەورووپیدا بەبۆنەی ڕۆژی ژن لە ساڵی ١٩٤٦ –ەوە بەڕێوە چوو. لەو وڵاتانەدا ڕۆژی ژن وەک جەژنی فەرمی لە ڕێی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بۆ پێشاندانی حەزی حکوومەت بۆ باشترکردنی دۆخی ژنان بەرز نرخێندرا

لە وڵاتە ئەورووپییەکاندا سەرەتا دوای شەڕ هیچ گەڵاڵەیەک و بەرنامەیەک سەبارەت بە ڕۆژی ژن بەڕێوە نەچوو بەڵام دواتر ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی خەبات بۆ خواستی گشتیی ژنان و هەروەها ڕۆژی بنەماڵە و جەژنی گشتیی دیاری کرا

لە هەشتاکاندا واتە دەیەی ١٩٨٠ تا ١٩٩٠ لەو وڵاتانەدا ئەو ڕۆژە دیسان گرینگییەک و مانایەکی تایبەتتری پێدرا و دیسان بابەتگەلێکی وەک یەکسانیی مافی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژناندا کە وەکوو شەپۆلی سێهەمی فیمێنیزم




**لە هەشتی مارسی ۱۹۰۸دا دوای تێپەڕینی پتر لە ۵۰ ساڵ کرێکارانی ژنی کارگەی ڕستن و چنینی شاری نیویۆرک لەگەڵ بیرەوەری مانگرتن لەو ڕۆژەدا و لەگەڵ هەڵاواردن و بێبەشکردن و گوشاری کار مووچەی یەکجار کەمدا مانگرتنی خۆیان دەست پێکرد. خاوەنی کارگەکە بە یارمەتی پاسەوانەکان بۆ پێشگرتن لەو یەکگرتن و سەرهەڵدانەی ژنانی بەشەکانی دیکە لەو مانگرتنە، ئەو ژنانەیان لە شوێنی کارەکەیان واتە کارگەی ڕستن و چنین زیندانی کردن و دوای چەند کاتژمێر ئەو شوێنە ئاگری گرت و تەنیا بەشێکی کەم لەو ژنانە ڕزگاریان بوو و ۱۲۹ ژن بوونە قوربانی.**

دەناسرێ، وەکو مافی لەباربردنی کۆرپەلە، سڕینەوەی هەڵاواردن لە ژیانی بنەماڵەییدا و پشتیوانی لە دایکان لە کاتی دووگیانیدا دوای منداڵبوون سەرنجێکی زۆری پێدرا یەکێک لە خاڵەبەرچاوەکانی ئەو نارەزایەتییانە لە ساڵی ۱۹۹٤دا بوو کە ژنان مانیان گرتبوو و پتر لە یەک ملیۆن ژن لە سەرتاسەری ئەڵمانیادا دژی هەڵاواردنی ژنان و نایەکسانیی مافی ژنان بەشدارییان لەو مانگرتنەدا کرد ئەمڕۆکە بەرز ڕاگرتنی ئەوڕۆژە تا ڕادەیەک لە هەموو وڵاتەکاندا وەکوو نارەزایەتی دەربڕینی گشتی دژی ستەم و گوشار لەسەر ژنان و هەروەها دەربڕینی ڕێز و پێزانین بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو خەباتەیان دەستپێکردووە و درێژەیان پێداوە و بۆ گۆڕین و باشتر کردنی دۆخی ژنان هەوڵیان داوە بەڕێوە دەچێ. لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا پێشکەوتن و بەفەرمی ناساندن و چەسپاندنی مافی سەرەتایی و مرۆڤەکان کەم نەبووە. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان مافی دەنگدانی ژنان و بەشداریی ئەوان لە چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەفەرمی ناسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەیەکی دوور و درێژ بۆ دەستکەوتنیان بۆ ئەو داخوازییەی ئێستاکە لە پێشە و ژنان لە زۆر جێدا لە بنەماڵە، لە کۆمەڵگە یان لە شوێنی کار و لە زۆر جێگە توند و تیژییان لەگەڵدا دەکرێ، ئێستا لە زۆربەی وڵاتاندا یاساکان دژی ژنانن و بەداخەوە پەیوەند دەکرێنەوە بۆ هێزی کاری ژنان لە هەمبەر کاری یەکسان لەگەڵ پیاواندا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا کرێ و هەقدەستی کەمتر دەدرێ بە ژنان و داهاتی ڕێژەی ژنان لە هەموو ئەو وڵاتانە لە پیاوان کەمترە. ژنان بەگشتی خزمەتگوزاری و هەلومەرجی پەروەردەیی و تەندروستیی یەکجار کەمتریان بۆ دابین دەکرێ. هەروەها سێ لە سەر چواری نەخوێندەوارەکانی جیهان لە ژنان پێکهاتووە. زۆربەی ئاوارەکان و پەنابەرەکانی شەڕ ژنانن. لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کوشتنی ناموسی وەکو قەتڵ و کوشتنی مرۆڤێک، لە یاسادا بە فەرمی ناناسرێ و وەکو تاوانێکی ئەوتۆ نایناسن. دیاریکردنی جلوبەرگی تایبەت بۆ ژنان و زۆری سەرپۆش بەسەردادان یان پێچەوانەکەی، هەروەها قاچاقکردنی ژنان و فرۆشتنیان، دەستدرێژی و کەڵکاوەژووی جنسی لە ژنان و بابەتگەلێکی هاوشێوەی ئاوا کە تەنیا بەشێکن لەو ستەمە ئاشکرایانەی لە دژی مافی ژنان بەردەوام ئەنجام دەدرێ و ئەمڕۆکەش بەشێوەی یاسایی لە هەموو شوێنەکاندا بەڕێوە دەچێ. پتر لە سەد ساڵ لە بەڕێوەچوونی یەکەم ڕۆژی جیهانیی ژن تێدەپەڕێ بەڵام هێشتا هۆکارگەلێکی زۆر هەن کە بەبۆنەی ڕۆژی ژن یان پشتیوانی مافی ژنان لەو ڕۆژەدا و داواکردنی داخوازییە سەرەتاییەکانی ژنان لە سەرتاسەری جیهاندا کە دەبێ بۆی ڕاپەڕین و ئێستاش بەڕاستی بیانوومان زۆرە بۆ ئەوەی کە باسی مافی ژنان بکەین بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە ئێمە بۆخۆمان تێیدا دەژین و پێشێلکارییەکانی ڕۆژانە بەچاوی خۆمان دەیبینین

# پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر بەهێزکردنی ئابووری ژنان



ئازاد مستۆفی

دیپلۆماسی، وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان، دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەهێزکردنی ئابووری ژنان بگێڕێت. ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکە چۆن پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتە دیپلۆماسییەکان دەتوانن دەرفەتی ئابووری یەکسان بۆ ژنان دروست بکەن و یارمەتیدەر بن بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی جێندەری. بەهێزکردنی ئابووری ژنان یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی کارنامەی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان (SDG) کە بەتایبەتی لە ئامانجی پێنجەم (یەکسانی جێندەری) و ئامانجی هەشتەم (کاری شایستە و گەشەی ئابووری) جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئەم بەهێزکردنە بەواتای زیادکردنی دەستڕاگەیشتن بە هەلی کار و سەرچاوە داراییەکان و ڕاهێنانی کارامەیی و بەشداریکردن لە بڕیاردانی ئابووریدا کە بەشدارە لە کەمکردنەوەی هەژاریی و گەشەی ئابووری بەردەوام و کەمکردنەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە وەبەرهێنان لە بەهێزکردنی ئابووریی ژنان نەک تەنها خۆشگوزەرانییماڵباتەکان باشتر دەکات، بەڵکو کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگە و ئابووریی نیشتمانییش هەیە. لەم پێوەندییەدا نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە حکوومەتەکان و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات کە ژنان لە ڕێگەی لابردنی بەربەستە کولتووری و یاساییەکان و دروستکردنی ژێرخانی پاڵپشتکارەوە بتوانن بەشێوەیەکی تەواو و یەکسان لە ئابووریدا بەشداریی بکەن.

سەرەڕای هەوڵە جیهانییەکان بۆ بەهێزکردنی ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە بەڵام هێشتا ڕووبەڕووی ئاستەنگی جددی دەبنەوە کە پێشکەوتن و بەشداریکردنی یەکسانیان، سنووردار دەکات. یەکێک لەو ئاستەنگانە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکانی وەک قەرزی بانکی و قەرزی ئابوورییە کە زۆرجار بەهۆی هەڵاواردنی پێکهاتەیی و نایەکسانی جێندەرییەوە ڕێگری لە ژنان لە دەرفەتی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی بازرگانی دەکات. هەروەها هەڵاواردن لە بازاڕی کاردا لە شێوەی نایەکسانی مووچە، سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە پۆستە کارگێڕی و پیشەییەکان و نەبوونی دەرفەتی پێشکەوتنی پیشەیی توانای ژنان بۆ بەشداریکردنی کاریگەر لە ئابووریدا تێک دەدات. نەبوونی سیاسەتی پشتیوانی، لەوانەش مۆڵەتی گونجاو بۆ منداڵبوون، خزمەتگوزارییەکانی چاوەدێری منداڵان و یاساکانی دژەجیاکاری، گوشارێکی زیاتر دەخاتەسەر ژنان و ڕێگرییان لە چێژوەرگرتن لە دەرفەتی یەکسان لێدەکات. چارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگانە پێویستی بە چاکسازیی پێکهاتەیی و سیاسەتی ئامانجدار و گۆڕینی هەڵوێستی کولتووری هەیە بۆ ئەوەی ژنان بتوانن ڕۆڵی تەواوی خۆیان لە گەشەپێدانی ئابووریدا بگێڕن. لەم نێوەندەدا دیپلۆماسی دەتوانێت ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە

## دیپلۆماسی و بەهێزکردنی ئابووری ژنان
## -ڕۆڵی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان

یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی دیپلۆماسی بۆ بەهێزکردنی ژنان، بەکارهێنانی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە کە جەخت لەسەر پێشخستنی ماف و دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان دەکەنەوە. ئەم پەیماننامانە وەک چوارچێوەی یاسایی و سیاسی حکوومەتەکان پابەند دەکەن بە گرتنەبەری ئەو سیاسەت و ڕێوشوێنانەی کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی جیاکاری و دروستکردنی یەکسانی جێندەری. نموونەیەکی دیار لەم بوارەدا بریتییە لە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ژنان (CEDAW) کە لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆرێک لە وڵاتانەوە پەسەند کراوە CEDAW، وەک «پڕۆژە یاسای مافەکانی ژنان»، وڵاتانی ئەندام پابەند دەکات بە گونجاندنی یاسا و سیاسەتەکانیان لەگەڵ بنەماکانی یەکسانیی جێندەری، نەهێشتنی هەڵاواردن لە کایە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان. هەروەها دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان لە بوارەکانی وەک پەروەردە، کار، بەشداری سیاسی و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان. ئەم کۆنڤانسیۆنە داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکات کە ڕاپۆرتی بەردەوام سەبارەت بە پێشکەوتن و تەحەددیاتەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان پێشکەش بکەن، بەمەش بنەمایەک بۆ چاودێریکردن و لێپرسینەوە دابین دەکات

ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەم جۆرە پەیماننامانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەهێزکردنی ژنان چونکە جگە لە پابەندبوونە یاساییەکان، پەیامێکی جیهانی سەبارەت بە گرنگی مافەکانی ژنان و پێویستی بەشداریکردنیان لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەنێرێت. لە ڕێگەی ئەم پەیماننامانەوە، وڵاتان هاندەدرێن کە سیاسەتە پاڵپشتییەکان وەک ڕەخساندنی هەلی کارێکی یەکسان، پشتیوانیکردن لە کارگێڕی ژنان، و دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و سەرچاوە داراییەکان لە پێشینەدا دابنێن.

دیارە سەرکەوتنی ئەم پەیمانانە پەیوەستە بە ئیرادەی سیاسی حکوومەتەکان و جێبەجێکردنی کاریگەرانەی یاساکان و هاوکاریی دامەزراوە مەدەنی و نێودەوڵەتییەکان. بە هاندانی وڵاتان بۆ پابەندبوون بەم بەڵێنانە و بەهێزکردنی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان، دیپلۆماسی فرەلایەن دەتوانێت ئامرازێکی کاریگەر بێت بۆ پێشخستنی یەکسانیی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا

## - دیپلۆماسیی ئابووری و ژنان



ڕێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە بەهێزکردنی ئابووری ژنان. ئەم ڕێککەوتنانە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کەمکردنەوەی جیاوازییە ئابوورییە جێندەرەکان لە ڕێگەی ئاسانکاری بۆ دەستڕاگەیشتن بە بازارە جیهانییەکان و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ. بۆ نموونە، ڕێککەوتنی بازرگانی ئازادی ئەمەریکای باکوور (NAFTA) کە لە ساڵی ١٩٩٤ لە نێوان ئەمەریکا و کەنەدا و مەکسیک کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە زیادکردنی بازرگانی و وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا چەندین هەلی کاری ڕەخساند کە هەندێکیان بۆ ژنان بوو. هەروەها کۆمەڵەی گەلانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ASEAN) کە لە ساڵی ١٩٦٧ دامەزراوە و پەرە بە هاوکاریی ئابووری لە نێوان ئەندامەکانیدا دەدات، بەرنامەی بەهێزکردنی کارگێڕی ژنان و بەشداریکردنیان لە ئابووری ناوچەکەدا جێبەجێ کردووە. ئەم ڕێککەوتنانە بە کەمکردنەوەی بەربەستە بازرگانییەکان و ئاسانکاریی بۆ ڕۆیشتنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، ژینگەیەک دەڕەخسێنن کە تێیدا ژنان بتوانن دەستیان بە سەرچاوە و بازاڕی نوێ بگات. بۆ نموونە لە چوارچێوەی ASEAN ، بەرنامەکانی «ASEAN Women Entrepreneurs Network» (AWEN) دامەزراون، کە ئامانجیان بەهێزکردنی تۆڕ و ڕاهێنان و پشتگیریکردنە بۆ ژنانی خاوەنکار لە ناوچەکەدا. ئەم دەستپێشخەرییانە ژنان دەتوانن سوود لە دەرفەتە بازرگانییە ناوچەییەکان وەربگرن و پەرە بە کارەکانیان بدەن و ڕۆڵێکی کارا لە ئابووری جیهانیدا بگێڕن

بێگومان بۆ ئەوەی بەتەواوی سوودەکانی ئەم ڕێککەوتنانە بقۆزرێتەوە، پێویستە سیاسەتی نیشتمانی و ناوچەیی دابنرێت و بەشێوەیەک داڕێژراو بێت کە بەتایبەتی چارەسەری پێداویستی و تەحەددیاتی ژنان بکات. ئەمەش بریتییە لە پێشکەشکردنی ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی، دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان و دروستکردنی ژینگەی کارکردنی پاڵپشت کە ڕێگە بە ژنان بدات سوود لەو دەرفەتانە وەربگرن کە دروستکراون. جگە لەوەش، چاودێریکردنی بەردەوامی کاریگەرییە جێندەرییەکانی ڕێککەوتنە بازرگانییەکان و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی چاکسازی لە شوێنی پێویستدا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سوودەکانی بازرگانیی ئازاد بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان ژنان و پیاوان دابەش دەکرێن. لە کۆتاییدا، ڕێککەوتنە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن لەڕێگەی دروستکردنی دەرفەتی ئابووریی و ئاسانکاریی بۆ دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەکان لە بەهێزکردنی ئابووری ژنان بەشداری بکەن بەڵام بەتەواوی بەدیهێنانی ئەم توانایە پێویستی بە پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەتی پشتیوانی و بەرنامەی پەروەردەیی هەیە کە بەتایبەتی باس لە بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان لە ئابووری جیهانیدا دەکەن

–هاوکاریی و گەشەپێدانی دەرەکی یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکانی دیپلۆماسی لە بەهێزکردنی ئابووری ژناندا بەکارهێنانی یارمەتییە دەرەکییەکانەو وڵاتانی پێشکەوتووی وەک سوید و کەنەدا، بە بەکارهێنانی دیپلۆماسی فێمینیست بۆ دابینکردنی دارایی ئەو پرۆژانەی کە ژنان لە بوارەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و

تەکنەلۆژیادا بەهێز دەکەن، بەکاریدەهێنن.
ئەم ڕێبازە نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئابووری ژنان بەڵکو ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە بەهێزکردنی کۆمەڵگاکانی کەشوهەوادا دەگێڕێت.

ئەلف- دیپلۆماسیی فێمینیستیی سوید

سوید بە گرتنەبەری سیاسەتی دیپلۆماسی فێمینیست بە یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەم بوارە ناسراوە. وڵاتەکە یارمەتی باشترکردنی باروودۆخی ژیانی ژنان دەدات لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا بە دابینکردنی بوودجە بۆ ئەو پڕۆژانەی کە گرنگی بە بەهێزکردنی ئابوورییان دەدەن. بۆ نموونە سوید بەشداری لەو پڕۆژانەدا کردووە کە ڕاهێنانی تەکنیکی پێشکەش بە ژنە جووتیارانی وڵاتانی ئەفریقیا دەکات و ئاسانکاری بۆ گەیشتنیان بە بازاڕە جیهانییەکان دەکات

ب- دیپلۆماسیی فێمینیستیی کەنەدا

هەروەها کەنەدا بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی دیپلۆماسی فێمینیست، بوودجەی ئەو پڕۆژانەش دابین دەکات کە ژنان لە بوارە ئابوورییە جیاوازەکاندا بەهێز دەکەن. ئەم وڵاتە بەشداریی لەو پڕۆژانەدا کردووە کە ڕاهێنانی کارگێریی و بازرگانیی پێشکەش بە ژنانی خاوەنکار لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا دەکەن و ئاسانکاری بۆ دەستراگەیشتنیان بە سەرچاوە داراییەکان و بازاڕە جیهانییەکان دەکەن

نموونەی پڕۆژەکانی بەهێزکردنی ئابووری ژنان:

-پڕۆژەی کشتوکاڵی: لە وڵاتانی ئەفریقیا، ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن سوید و کەنەدا پاڵپشتی دەکرێن، ڕاهێنانی تەکنیکی پێشکەش بە ژنە جووتیارەکان دەکەن و ئاشنایان دەکەن بە تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی مۆدێرن. ئەم پڕۆژانە یارمەتیدەرن بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان و داهاتی ژنان و بەهێزکردنی ئاسایشی خۆراکی کۆمەڵگە

- پڕۆژەی بازرگانی: لە وڵاتانی ئاسیادا ئەو پڕۆژانەی کە ئەم وڵاتانە پاڵپشتییان دەکەن، ڕاهێنانی کارگێری و بازرگانی پێشکەش بە ژنانی خاوەنکار دەکەن و دەستراگەیشتنیان بە سەرچاوە داراییەکان و بازاڕە جیهانییەکان ئاسانکاریی دەکەن، ئەم پڕۆژانە یارمەتی گەشەپێدانی بازرگانی بچووک و مامناوەند دەدەن کە لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێن

- پڕۆژەی تەکنەلۆژی: لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن سوید و کەنەدا پاڵپشتی دەکرێن، ژنان لە بواری تەکنەلۆژی زانیاری و پەیوەندیکردن، ڕادەهێنن و ئاشنایان دەکەن بە کارامەیی دیجیتاڵی. ئەم پڕۆژانە یارمەتیدەرن بۆ زیادکردنی بەشداری ژنان لە ئابووریی دیجیتاڵی و تەکنەلۆژی نوێدا

ئەم پڕۆژانە نەک تەنها یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئابووری ژنان بەڵکو دەبنە هۆی گەشەسەندنی بەردەوام و کەمکردنەوەی هەژاریی لە ڕێگەی بەهێزکردنی کۆمەڵگەوە.

ئەم وڵاتانە بە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و تەکنیکی یارمەتیدەر دەبن لە دروستکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان لە بوارە ئابوورییەکان و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام

بێگومان بەربەستیش هەیە لەبەردەم بەرەوپێشبردنی ئەو ئامانجانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە کە دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ نەبوونی گەرەنتی جێبەجێکردن بۆ پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها لە زۆرێک لە وڵاتان بەربەستە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان بەردەوامن لە سنووردارکردنی ڕۆڵی ژنان لە ئابووریدا.
دیپلۆماسی دەبێت ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە ببێتەوە و چارەسەریی ڕەسەن و کاریگەر دابین بکات

چەند نموونەی سەرکەوتوو

دەکرێ ڕواندا و کەنەدا وەک نموونەی سەرکەوتووی بەهێزکردنی ئابووری ژنان لە ڕێگەی سیاسەتی دیپلۆماسی و هاوبەشیی نێودەوڵەتییەوە بهێنرێتەوە.
ڕواندا نموونەیەکی سەرکەوتووە لەم ڕووەوە، وەک وڵاتێک کە لە دوای شەڕی نێوخۆ و جینۆساید سەرنجی لەسەر بەهێزکردنی ئابووری ژنان بووە. ژنانی ڕواندا لە ڕێگەی سیاسەتی دیپلۆماسی و هاوبەشیی نێودەوڵەتییەوە ئاستێکی بەرزی بەشداریی ئابوورییان بەدەستهێناوە
کەنەدا پێشەنگێکە لە «دیپلۆماسیی فێمینیست» و ئەم وڵاتە لە سیاسەتەکانی دەرەوەیدا جەخت لەسەر بەهێزکردنی ژنان دەکاتەوە و لە ڕێگەی هاوکاریی نێودەوڵەتییەوە بوودجەی پڕۆژەکانی لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی و کارگێڕیی ژنان دابین کردووە

بێگومان وڵاتان بۆ سەرکەوتن لەم بوارەدا پێویستە میکانیزمی چاوەدێری و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان دابنێن.
دیپلۆماسی دەتوانێت لە ڕێگەی هاوکاری دارایی و تێکنۆلۆژیاوە پشتگیری لە ژنانی خاوەنکار بکات، هەروەها پێویستە ژنان دەستیان بەو تۆڕانە بگات کە لە ڕێگەیانەوە بتوانن پەیوەندییان بە بازاڕە جیهانییەکانەوە هەبێت. لەم ڕووەوە دیپلۆماسیی کولتووری دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە گۆڕینی هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەر بە بەشداریی ئابووریی ژنان. دیپلۆماسی دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە گەیشتن بە دادپەروەریی ئابووری بۆ ژنان. بەڵام سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بەندە بە پابەندبوونی وڵاتان بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و تێپەڕاندنی بەربەستە کولتووری و پێکهاتەییەکان. بەهێزکردنی ژنان نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی ژیانیان بەڵکو دەبێتە هۆی گەشەسەندنی بەردەوام و بەهێزکردنی کۆمەڵگاکان، یەکسانیی جێندەریی و گەشەپێدانیی ئابووری

- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**سەرچاوەکان:**

١. United Nations, Sustainable Development Goals (SDG).
٢. Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination Against Women (CEDAW).
٣. Canadian Feminist International Assistance Policy.
٤. Reports on Economic Participation of Women in Rwanda.
٥. World Bank Data on Gender Equality and Economic Development.

# ئابووری و ژنان، ئاستەنگەکانی سەدەی بیست و یەک

نەیره ئەنساری
وەرگێڕان: شەهێن حوسێنی

«ئارتوور ئارائیلی» لە گۆڤارێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە ساڵی ٢٠٠٣ دەنووسێت: پیاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت، نێزیکەی دوو هێندەی ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت، خاوەنی کاری خۆیانن. لەم نێوەدا کاتێک ژنی خاوەن پێداویستی تایبەت، پیشەیەک پەیدا دەکات لە زۆربەی کاتەکاندا ماف و قازانجی نایەکسانە. دەستپێڕاگەیشتنی نابەرابەر بە دووبارە ڕاهێنانەوە و ماف و سەرچاوەی ئێعتبارییەکانیان و زۆرکاتیش لەگەڵ جیاوازیی پیشەیی ڕووبەوو دەبنەوە و کەمتر لە بڕیارە ئابووریەکان بەشداریان پێدەکرێت.

نایەکسانی ڕەگەزی و نادادپەروەری گەورەترین ئاستەنگەکانی مافی مرۆڤە کە لەگەڵی ڕووبەڕووین. هەرچەند لە بەرامبەردا، نایەکسانی ڕەگەزی ڕێکارگەلێک بۆ هەندێک لە ئاستەنگترین بابەتەکانی ئێستەی ئێمە دەخاتەڕوو. لە هەموو جێگایەک ژنان تەنیا بە هۆکاری ژنبوونیان، بە نیسبەت پیاوانەوە لە دۆخێکی خراپتردان. ئەم ڕاستییە، لەسەر ژنان پەیوەستە بە گرووپە ئەقەڵیەتەکان، ژنانی بە تەمەنتر، ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت، ژنانی بەرپرسی بنەماڵە و هەروەها ژنانی کۆچبەر و پەنابەر کە تەنانەت لە دۆخێکی خراپتردان

کۆتا ڕاپۆرتی بانکی جیهانی دەری دەخات ئێستاشی لەگەڵ بێ ژنان مافی یەکسانیان وەکو پیاوان لە شوێنی کاردا نییە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئامارەکان ڕایدەگەیەنن ژنان دۆخێکی سەختتریان بۆ دۆزینەوەی کار هەیە و لەهەمانکاتدا ئەوان بەگشتیی لە زۆربەی وڵاتەکان بەرپرسیارێتیی منداڵ و بنەماڵەیان لەئەستۆیە. هەموو ئەم هۆکارانە لە کەمکردنەوەی ماف و نەبوونی بەرەو پێشچوونی یەکسانی ژن و پیاو لە کاردا کاریگەریی هەیە. هەروەها شتگەلێکی وەک دووگیانی (حەفتەکان و مانگەکان) بووەتە هۆکاری ئەوەی کە لە شوێنی کارەکەیان دووریان بخەنەوە و تەنانەت هەندێجار ببێتە هۆکاری ئەوەی ژنان پیشەکەیان لە دەست بدەن

لەم دە ساڵەی دوایدا ١٣١وڵاتی جیهانی هەوڵیان داوەکە زیاتر لە ٢٧٤ یاسا و چاکسازیی نوێ لەهەمبەر باشترکردنی گوزەرانی مافی ژنان لە شوێنی کار بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. زۆربەی وڵاتان سەرکەوتوو بوون ئاماری نادادپەروەری و نەبوونیی یەکسانی لە شوێنی کار لە نێوان ژنان و پیاواندا کەم بکەنەوە. هەروەها بەپێی کۆتا ڕاپۆرتی بانکی جیهانی تەنها شەش وڵاتن کە لەواندا ژنان و پیاوان مافی یەکسانیان لە شوێنی کاردا هەیە. تەنها شەش وڵاتی ئەورووپی ڕازی بوون بە یەکسانی ماف بۆ ژنان و پیاوان، وڵاتگەلێکی وەک: دانیمارک، فەڕەنسا، لیتۆنی، بەلژیک، لۆکزامبۆرگ و سوید لەو وڵاتانەن کە تێیاندا چاکسازی بنەڕەتی دروست بووە. ئەم شەش وڵاتە بە پێی ئامار، سەرکەوتوو بوون کە بۆ ژنان و پیاوان لە سەدا سەدی مافی یەکسانیان بۆ دابین بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە مافی ژنان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە بەرامبەر پیاوان بە نیوە چاوپۆشی لێدەکرێت و تەنانەت لە ڕێژەی جیهانی دەبیندرێت کە تەنها سێ لە چواری هەموو جەماوەری ژنان لەم گۆی زەوی خاوەنی مافی بەرابەرن لەگەڵ پیاوان

لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، ژنان نیوەی مافی پیاوانیشیان نییە. بەپێی ڕاپۆرتی بانکی جیهانی تەنیا گۆڕینی پێکهاتەی یاسا ناتوانێ بناغەی دادپەروەری و بەرەپێشچوون بەرەو جیهانی بەرابەری و یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان بەرهەم بهێنێت. بناغەی بنەڕەتی کێشەکان، نەریت و بیرکردنەوە گەلێکە کە لە زۆربەی هەرێمەکانی جیهان هەن تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بەو هۆیەوە مافی ژنان چاوپۆشی لێدەکرێت

بێگومان، لە جیهاندا ئەمڕۆ یەکێک لە نیشاندەرە گرینگەکانی پەرەپێدانی مرۆیی، ڕێژەی ئامادەبوونی ژنان و ڕۆڵگێڕانی ئەوانە لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرەکاندا و لەلایەکی دیکەوە، لە سەردەمی جیهانیبوونی خواست و مافی تاکەکان تەنانەت لە چوارچێوەی گوزەرانی خۆشیان، بە تێبینییە نێونەتەوەییەکانەوە گرێ دراوە. ئەم ڕێسایە مافی ژنان دەبەستێتەوە بە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هێنانەئارای مافی ژنان بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، هۆکاری دروستبوونی پەیوەندییە پڕ هەوراز و نشێوەکانی وڵاتان بە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی چالاک لە بواری مافی مرۆڤەوە

لەم پێناوەدا، پرسی ماف و ئازادییەکانی بنەڕەتی جۆری مرۆڤ بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو، پاڵنەری بنەڕەتی خەبات لە دژی زوڵم و نادادپەروەرییان دروست کردووە کە یەکێک لە دەرکەوتنەکانی مافی نێونەتەوەیی لە نیوەی سەرەتای سەدەی ئێستادا، کە پەرەپێدانی بەر فراوانی ئەوان لە بواری یاسای مرۆڤ و ژناندا هەیە

لەڕاستیدا نیگەرانی سەرەکی وەڵام بەم پرسیارە ئەوەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاساکانی ئێران چ کردارگەلێکیان لەپێناوی میکانیزمە یاسایی و سیاسییەکانی دامەزراوەی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە بەجێگەیاندووە یان جێبەجێیان کردووە؟ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ڕێگەی شیکاریی و بە سەرچاوەی بەردەستی کتێبخانەیی ئەنجام دراوە! لێکۆڵینەوەکان جەخت لەو گریمانە دەکەنەوە کە پاڵپشتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و یاساکانی ئێران لەبارەی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە، یارمەتییەکانی ماڵی و بیمە و پێکهێنانی پیشەیە

هەرچەند لەم دەیانەی کۆتاییدا شایەتحاڵی بەرەوپێشچونگەلێکی بەرچاو لە پانتایی مافی ژنان، لە ئازادبوونی یاسای جیاکارییەوە بگرە هەتا زیادبوونی کچان لە خوێندنگەکان بووین بەڵام تا ئێستا لەگەڵ هێزێکی دواکەوتووی بەهێز بەرەوڕووین. لە هەمانکاتدا لە هەندێک لە وڵاتان پشتیوانی یاسای لە بەرامبەر دەستدرێژی و ئازار و ئەزیەتدانی بنەماڵەی زۆر لاوازە، لە وڵاتانی تریشدا سیاسەتگەلێک هەیە کە سزادانی ژنان لەخۆ دەگرێت. لە پشتیوانیکردن لە منداڵبوون هەتا منداڵبوونی زۆرەملێ، لە بواری جێبەجیکردنە. مافی ڕەگەزی و دووگیانبوونی ژنان، لە هەموو ڕوویەکەوە لەژێر هەڕەشەدایە. بۆ نموونە، داڕشتنی یاساکانی هەڵاواردن لە دژی ژنان کە لەلایەن حکوومەتی ئیسلامی ئێران



بەشێوەی سیستماتیک و بەرنامەبۆداڕێژراو لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا ڕوویداوە

## ئاستەنگییەکانی بەردەم ژنان

هەڵاواردنی ڕەگەزی: هەڵاواردنی ڕەگەزی ئێستاشی لەگەڵدابێ یەکێکە لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان. ئەم هەڵاواردنە لە شێوەکانی جۆراوجۆر وەکو هەڵاواردن لە دامەزراندن، هەڵاواردن لە پێدانی هەقدەست و توندوتیژی دژی ژنان خۆی دەنوێنێت

چەشنە ڕەگەزییەکان: چەشنە ڕەگەزییەکان هەروەها لەسەر ڕۆڵ و هەڵسوکەوتەکانی ژنان و پیاوان کاریگەری هەیە. ئەم چەشنانە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەرفەتەکانی ژنان و دروستبوونی ئاستەنگی بۆ بەرەوپێشچوونیان

بارگرانی پیشەیی: ژنان زیاتر بێجگە لە کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، ئەرکی کاری نێوماڵ و ئاگەدارییکردنی منداڵیشیان لەسەر شانە. ئەم بارگرانییە دەتوانێت ببێتە هۆی ماندووبوون و سترێس و کەمی بەهرەمەندی ژنان

توندوتیژی لە دژی ژنان: توندوتیژی لە دژی ژنان یەکێکی ترە لە ئاستەنگە گرینگ و زەقەکانی ژنان. ئەم توندوتیژیە دەتوانێ بەشێوەی جەستەیی، دەروونی یاخود جنسی بێت و کاریگەری خراپی لەسەر سلامەتی جەستە و ڕۆحی ژنان دابنێت. بەو پێیە هەموو ئەم هۆکارانە لەبەر ئەوەیە بەرابەریی و یەکسانیی ڕەگەزی لە بنەڕەتدا، مەسەلەی هێزە.

سەدەهایە هەڵاواردن و پیاوسالاری، دروستکەری بۆشاییەکی گەورەیە لە ڕوانگەی هێزی ڕەگەزییەوە لە ئابووریدا و سیستمە سیاسییەکان و کۆمپانیاکان بووە. ڕووداوەکان دەرخەری ئەم ڕاستییەن. ژنان بەردەوام لە پۆستە گرینگەکانی کۆمەڵایەتی، لە دەوڵەتەکانەوە بگرە تاکو دەستەی بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیاکان، هەتا مەڕاسمی دانپێدراوی بەخشینی خەڵاتەکان دەخرێنە لاوە. ڕێبەرانی ژن و ژنانی بەرچاوی کۆمەڵگە، بە ئازار و هەڕەشە و بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ «ئۆنلاین» و جیا لە ئەمانە ڕووبەڕوون. جیاوازی ڕەگەزیی لە مووچە تەنها نموونەیەک لەو درزە یان بۆشاییە ڕەگەزییە لە دەسەڵاتدایە

تەنانەت داتاکانی بە ڕواڵەت بێلایەن، کە بڕیاردانەکان لە پڕۆگرامسازی شارییەوە بگرە هەتا پشکنینی ماددەی هۆشبەر، لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە. پیاوان بوونەتە پێوەر لەکاتێکدا کە ژنان جیادەکرێنەوە

هەروەها سەدەهایە ژنان و کچان بەرگەی ژنکوژی و شاردنەوەی دەسکەوتەکانیان گرتووە. ئەوان بە هۆکاری نەبوونی کۆنترۆڵی هەست و سۆزی سۆزداری یان هۆکاری هۆرمۆنی بوونە بابەتی گاڵتەجاڕی. بەشێوەی گشتیی لەسەر بنەمای ڕواڵەتییان حوکم دەکرێن بە باوەڕ بە ئەفسانەکان و تابلۆ بێکۆتاییەکان لەبارەی کردارەکانی جەستەیانەوەیە. ئەوان ڕۆژانێکە لەگەڵ ڕەگەز خوازی، دیدگا و بۆچونەکانی ڕەخنەگەرانەی پیاوان و سەرکۆنە کردنیان لە پۆستی قوربانیدا ڕووبەڕوون. ئەم بابەتە بە قووڵی هەموومانی خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و بەربەستێکە لە بەرامبەر ڕەتکردنەوەی چاکردنی هەموو ئەو ئاستەنگ و هەڕەشانە کە لەگەڵیان ڕووبەڕووین.

نایەکسانی: ٧٧٪ی ژنان هەر دۆلارێک وەردەگرن کە پیاوان بەدەستی دەهێنن. بەپێی کۆتا لێکۆڵینەوە کە کراوە لەلایەن کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی، بەستنی ئەم درز و بۆشاییە ساڵەهای ساڵ درێژەی دەبێت. لەم نێوەندەدا، ژنان و کچان ڕۆژانە بە نێزیکەیی ١٢ملیار سەعات، کاری بێ مووچە دەکەن کە بە سادەیی لە بڕیاردانە ئابوورییەکان لەبەر چاو ناگیرێت. لەپێناو بەدەستهێنانی بەجیهانی بوونی ویژدانیانەی کە بۆ هەمووان ئیستیفادەی هەبێت گرینگە سیاسەتەکانی خۆمان لەسەر بناغەی ئامارگەلێک بنیات بنێین کە بەشداریی ڕاستەقینەی ژنانی لەبەرچاو بگیرێت

تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی: یەکێکی دیکە لەم بوارانەیە. نەبوونی هاوسەنگی ڕەگەزی لە زانکۆکان، ستارتاپ و هاوشێوەکانی «دۆڵی سلیکۆن/ دۆڵی بەختەوەری» لە جیهانی ئێمەدا بە قووڵی جێگای نیگەرانییەوە. ئەم جەمسەرە تەکنەلۆژیاییانە، کۆمەڵگە و ئابووری داهاتوو دروستدەکات. ناکرێت ڕێگەیان پێبدرێت

سنووردار بکرێت کە باڵادەستیی پیاوان چڕ ببێتەوە. یان شەڕگەلێک لەبەر چاو بگرن کە لە حاڵی تاڵانکردنی جیهانەکەماندا بن. بە دەربڕینێکی دیکە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان توندوتیژی دژی ژنان، ستەمکاریی مەدەنی و ململانێکان بوونی هەیە. شێوەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگایەک لەگەڵ نیوە لە کۆمەڵەی خۆی واتە ژنان نموونەیەکی بەرچاوە لە شێوەی هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ ئەوانیتر. تەنانەت لەگەڵ کۆمەڵگە ئاشتیخوازەکان زۆربەی ژنان لە ماڵەکانی خۆیاندا (توندوتیژی خێزانی، کوشتنەکان بەناوی شەرەف و بنەماڵە و...) لەژێر مەترسی گەورەدان. تەنانەت لە کاردانەوەکان سەبارەت بە قەیرانی ناوچەییش بۆشایی ڕەگەزیی هەیە. دەستپێشخەرییەکانی هاوتەریب لەگەڵ کەمی (قەیران) و دووبارەکردنەوەی زیاد لە پێویست بەپشتبەستن بە ژنان بە بازاڕی کراون. ئێستا لەبارەی پیاوان زیاتر بۆچوون ئەوەیە خۆیان تەرخانکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە تەکنەلۆژیاییە تاقینەکراوەکان. ئابووریناسان و نوێنەرانی ژنانی پەرلەمانەکان زیاد لە پێویستی پیاوان، ئەگەری هەیە لە سیاسەتەکانیان پشتگیری بکەن لە ژینگە. لە کۆتاییدا نوێنەری سیاسی بەرچاوترین بەڵگەیە بۆ بوونی بۆشایی ڕەگەزی لە دەسەڵات و هێزدا. لەسەرانسەی جیهاندا ڕێژەی ژنان لە پارلەمان ڕێژەی سێ بە یەکە، بەڵام بوونی ئەوان بەزۆری لەگەڵ نوێبوونەوە و وەبەرهێنان لە سەلامەتی و پەروەردە، هاوئاهەنگی و هاودەنگی هەیە. ئەمە لەخۆوە نییە کە پێناسەی ئەوان لە سەرکەوتوویی ئابووری، خۆشگوزەرانی و بەردەوامیان وڵاتانێک دەگرێتەوە، بە ڕێگای ژنانەوە ڕێنوێنی کراون

پشگیری تایبەت لە ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە لە بەڵگە نامەکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ؛ ڕاستە کە ژنان لە تەنیشت پیاوانەوە بەهرە و توانایی سەرمایەی مرۆیی دروستدەکەن بەڵام لە ڕوانگەی یاسا و ڕێساکانی کە نوسراونەوە پێگەی یاسا-سیاست و... ژنان لەکۆمەڵگەی مرۆییدا سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەحیساب دێن. چونکە سەرمایەی کۆمەڵایەتی توانایی بەکۆمەڵی کۆمەڵگە لە بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە ڕاستایی بەسود بوون و ناگشتییە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک گرینگترین ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بە پشت بەستن بە هەبوونی چاکسازییە گشتییەکان لەوکاتەوەی کە بنیاد نراوە تاکو ئێستا لە بابەتی پشتگیری لە مافی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی بنەماکانی یەکسانی، نەهێشتنی هەڵاواردنی کردۆتە بنەمای کاری خۆی. پرسیار ئەوەیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چ کردارێکی بۆ بە میکانیزمە یاسا-سیاسی دامەزراوەکانی ژنان لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە؟ پشگیرییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە لەخۆ دەگری یارمەتییە ماڵییەکان و بیمە و پێکهێنانی پیشەیە. لە چوارەمین کۆنفڕانسی ژناندا، ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە بە پێکهێنانی هەوڵگەلێک لە ڕاستای بەردەستخستنی یەکسانی ژنان بە پەروەردەی بەردەوام لە شوێنی کار، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە تاکە سەرپەرشتی بنەماڵەن و ژنانێک کە لە هەوڵدان دوای وازهێنان لە کار یان درێژەکێشانی پیشەکەیان بەکاری بەرپرسیارییەتی بنەماڵە یان هۆکاری تر، جارێکی تر بتوانن بچنەوە ناو بازاڕی کار.

بە سەرنجدان بە مافی نێونەتەوەیی و مافەکانی ئەورووپا، بابەتی ژنانی سەرپەرشتی بنەماڵە، بابەتێکی گرینگە. لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئامادەبوونی ژنان و ڕۆڵی ئەوان لە قۆناغە جیاوازەکان، بەتایبەت مافی مرۆڤ، ڕەچاو کراوە. ئەم بابەتە هۆکاری پێکهاتنی پەیوەندییە پڕ لە هەوراز و نشێوەکانی دەوڵەتەکانن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا.

- چوارەمین کۆنفڕانسی جیهانی ژنان؛ هەوڵدان بۆ یەکسانی، پەرەپێدان و ئاشتی ناو کۆنفڕانسەکان بووە کە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرواری ٤تاکو١٥ی سێپتەمبری «١٩٩٥» لە شاری پێکەن لە وڵاتی چین بەڕێوەچووە. جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی «١٩٤٥» خاوەنی ڕێساکان بۆ یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان (بەندی حەوتەم، ماددەی هەشت). دواتر لە ساڵی «١٩٤٥» تاکو «١٩٧٥» زۆربەی بەرپرسانی ڕەسمی ژن کە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون و هەروەها ڕابەری بزوتنەوەکانی ژنانیان لەسەراسەری جیهاندا بەدەستەوە بووە، تێکۆشاون تا ئەم بنەمایانە بکەن بە پراکتیک و ئەنجومەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی پەسەندکرد. (بڕیار نامەی ٣٠١٠) کە بەو هۆیەوە ساڵی «١٩٧٥»، ساڵی نێونەتەوەیی ژنان ناونرا. لە دیسەمبری «١٩٧٥»، ئەنجومەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد (بڕیارنامەی ١٣٦/٣١) کە بەو پێیە لەساڵەکانی «١٩٧٦-١٩٨٥» دەبێت بە ناوی «دەیەی ژنان» ناوبنرێت. لە چوارەمین کۆنفڕانسی جیهانی ژنان لە پێکەن «١٩٩٥»، لەبارەی ژنانی سەرپەرستی بنەماڵەوە بە گرتنە بەری هەنگاوی گرەنتی، پێڕاگەیشتنی یەکسانی ژنان بە پەروەردەی بەردەوام لە شوێنی کار بۆ وێنە ژنانێک کە تاکە سەرپەرستی بنەماڵەن و ژنانێک کە لە هەوڵدان دوای وازهێنانی کاتی یان درێژ مەودای پیشەکەیان بە هۆکاری ئەرکەکانی بنەماڵە یان هۆکاری تر جارێکی تر بتوانن بچنەوە ناو بازاڕی کار. دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات ئەگەرچی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەم چینە لە ئەولەویەتی دارشتنەوەی سیاسەتەکانی یاسا ستراتیژییەکانی وڵاتە بەڵام یاساکانی تر و هەروەها جیبەجێکاری دامەزراوەکان، وەڵامدەری سیاسەتەکانی لەبەرچاو گیراوی یاسا گەورەکان نییە، بۆیە گۆڕینی سیستەمەکانی پشگیری بە بیمە و بونیاتنانی دامەزراوەیەکی پشتگیری بەرفراوان کە خزمەتگوزاری ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە وڵات پێک بهێنێت لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. بەهەمان ئاراستە کە یەکێک لە سەرەکیترین ئەولەوییەتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانانی ژنانی زیاتر بۆ ڕێبەری بووە. لە ئێستادا زووتر لەکاتی خۆی بە یەکسانی ڕەگەزی گەیشتووین، بۆ ساڵەکانی داهاتوومان خاوەنی ڕێنیشاندەرین بۆ پێکهێنانی بەرابەری یەکسانی لە هەموو ئاستەکاندا.

- جیهان تووشی کێشە بووە و یەکسانی ڕەگەزی بەشێکی بنەڕەتی لە وەڵامی ئەو کێشەیەیە. کێشە دروستبووەکان کە بەدەستی مرۆڤە، چارەسەریی مرۆییشی دەوێت. یەکسانی ڕەگەزی، دەربڕینە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوە و گواستنەوەی دەسەڵات و هێزە کە لیڤەرێکە کە سوودی بۆ هەمووان دەبێت

- سەدەی ٢١ دەبێت سەدەی یەکسانی ژنان لە دانوستانە ئاشتی و گوتارە بازرگانییەکان، لە ژوورەکانی دەستەی بەڕێوبەرایەتی و کلاسەکان، هەروەها لە کۆبوونەوەی لووتکەی گرووپی بیست وڵاتی پیشەسازی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بن. لە ڕاستیدا ئێستە کاتی ڕاگرتنی هەوڵ بۆ گۆڕینی ژنانە و کاتی دەستپێکردنی ئاڵوگۆڕە لەو سیستمانەی کە بەربەستن لەبەردەم گەیشتنی ژنان بە توانا لەڕادەبەدەرەکەیان

«نەییێرە ئەنساری» مافناس، شارەزای مافی نێونەتەوەیی و یاسای ئەورووپا و دادپەروەری ئینتقالی، نووسەر و داکۆکیکاری مافی مرۆڤە

# دەستاودەستکردنی دۆخی ئابووری ژنانی ئێران لە سەدەی ٢١دا

**نووسینی: کارین**

ژنان وەک یەکێک لە گرنگترین بەشی کۆمەڵگە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە پەرەپێدانی بەستەرەئابوورییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک. بەشداری ژنان لە چالاکییە ئابوورییەکان نەک هەر لە ئابووری، بەڵکو لە گەشەی کۆمەڵگە و بنەماڵەشدا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە و هەبووە

لە سەدەی بیست و یەکەمدا، ڕۆڵی ژنان لە ئابووری جیهانییدا بەشێوەیەکی بەرچاو سەرنجڕاکێشە بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی لە چەشنی کۆمەڵگەی ئێراندا کە بەرەو پەرەسەندنەو بەتایبەتی لەناوچەکانی کەمتر پەرەگرتووی وەک کوردستان، ژنان هێشتا لەگەڵ زۆر کێشەی بنەمایی و کولتووری ڕووبەڕوون. خواستی کەمتر بۆ کاری جەستەیی و گەشەی خۆکارسازی، گۆڕانکارییەکی گەورەی لە بازاڕدا هێناوەتەئاراوە و دەرفەتی نوێ و هەروەها مەترسی جدیدیشی بۆ ژنان بەدواوە بووە.

ئەم وتارە دۆخی ژنانی ئێران، بەتایبەت کوردستان، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گۆڕانکارییانە دەکۆڵێتەوە و کێشە و چارەسەرییەکان دەخاتە بەرباس

پرسیاری سەرەکی ئەمەیە: «کاریگەریی خۆکارسازی و کەمبوونەوەی پێویستی بە کاری جەستەیی، لەسەر دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژنانی ئێراندا چییە؟» لە ئێراندا، بەشداریی ئابووری ژنان لە چەند دەیەی ڕابردووەوە پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە بەڵام هێشتا بە بەراوردی پیاوان و تەنانەت وڵاتانی دیکەی پەرەسەندوو، لە ئاستێکی نزمدایە. بەپێی ئامارەکانی بەردەست هەتا ساڵی ٢٠٢٥، ڕێژەی بەشداریی ئابووری ژنان لە ئێران نێزیکەی ١٥ تا ٢٠ لەسەد شیمانە دەکرێت. لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ پیاوان زیاتر لە ٧٠ لەسەدە. لە کوردستاندا، وەک کۆمەڵگەیەکی پەرەسەندوو کە تایبەتمەندی کولتووری و ئابووری خۆی هەیە، ئەم ڕێژەیە تەنانەت زۆر نزمترە و ژنان زۆربەی کات بە کاری ناپیشەیی یان کشتوکاڵییەوە خەریکن

کەمبوونەوەی پێویستیی بە کاری جەستەیی کە لەمەوپێش بەشێکی گرنگی چالاکییە ئابوورییەکانی ژنانی گوندنشینی کوردستان بوو، لەگەڵ پەرەگرتنی کەرەستەی تەکنەلۆژیا و خۆکارسازی و کارگێڕی و کۆمپانیاکان، بنەمای چۆنییەتی کاری گۆڕیوە. لە ڕابردوودا، ژنانی کوردستان لە چالاکییەکانی وەک کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و پیشەسازیی دەستی، ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو بەڵام بە هاتنی ئامێرەکان و کەمبوونەوەی پێویستی بە هێزی کاری دەستی، ئەم دەرفەتانە کەم بوونەتەوە. لەهەمانکاتدا، خۆکارسازی لە بەشەکانی کارگێڕی و کۆمپانیاکاندا، کە زۆرتر لە شارەکاندا بەدیهاتووە، پێویستیی بە شارەزایی دیجیتاڵی زیادی کردووە بەڵام دەست پێڕاگەیشتنی ژنان بەم شارەزاییانە بەهۆی کارگەکانی پەروەردەیی و کولتوورییەوە سنووردارن



لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی وەک کوردستان، ڕۆڵی جێندەری هێشتا لەمپەرێکی گەورەیە بۆ چوونە نێو پرۆژەیەکی نوێ. باوەڕە کولتوورییەکان کە ژنان بە ئەرکی نێوماڵەوە سنووردار دەکەن، لەگەڵ کەمیی پشتیوانی خێزانی و کۆمەڵایەتی، بەشدارییان لە ئابووری مۆدێرندا دژوارتر کردووە

سەرەڕای هەمووی ئەم بەربەستانە، سەردەمی خۆکارسازی، سەردەمی زێڕین و دەرفەتی نوێیە بۆ ژنان. ژنان بە خۆتەیارکردن بە زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم هەلی زیاتر بۆ چوونە نێو بازاڕی کار و پیشە بەدەستدەهێنن

لە سۆنگەی پلاتفۆرمەکانی پەروەردەیی ئۆنلاینەوە، دەتوانن زانیاری نوێ لەسەر شارەزاییەکانی پێوەست بە زانستە مۆدێرنەکان بەدەست بێنن بێئەوەی پێویست بێت لە ناوەندەکانی پەروەردەیی بوونیان هەبێت، ئەم زانستە تەکنەلۆژییانە دەرفەتی زیاتر بۆ ژنان دەرەخسێنن تا لەم ڕێگەیەوە لە ماڵەکانیاندا، کاروباری ئۆنلاین وەڕێبخەن و دووراودوور بەشداریی داهاتی ئابووری کۆمەڵگە بکەن

لە کۆتاییدا، سەرەڕای ئەوەی ئابووری ژنان لە سەدەی ٢١دا بەرەو چاکسازی و شەفافی و باشتربوونە بەڵام هێشتا لە گەڵ زۆر ئاستەنگی وەک: جیاوازی هەقدەست، لەمپەرەکانی فەرهەنگی و کولتووری، نایەکسانی یاسایی ڕووبەڕوون. بۆیە بزاڤی مافخوازی و هزریی هەر وەکو پێشوو، لە چوارچێوەی ڕێکخراوەییدا هێشتاش پێویستە وەک بژاردەیەکی زۆر گرنگ لە پشتیوانیکردنی دۆخی کاری ژنان لە نێو کۆمەڵگەی نوێدا لێی بڕوانین. بۆ گەیشتن بەئابوورییەکی یەکسان و دادپەروەرانە پێویستە گۆڕانی بنەڕەتی لە بۆچوونی کۆمەڵایەتی، ئابووری و یاساییدا پێک بێت.

ئەم ئامانجەش بەبێ کاری ڕێکخراوەیی و ئەندێشەی بەکۆمەڵی مافخوازانە بەدی نایەت

---

ژێدەر:

-مهرانگیز کار، زنان در بازار کار ایران، نشر روشنگران، ١٣٧٣
-کارآفرینی زنان، گروه نویسنگان، انتشارات شرکت چاپ و نشر بازرگانی، سال چاپ ١٤٠٠
-پاملا آبوت/ کلروالاس، جامعەشناسی زنان، نشر نشر١٣٨٠
-ماڵپەڕی Gender Data Portal. سەر بە باکی جیهانی
-ماڵپەڕی ناوەندی ئاماری ئێران

# گفتوگۆیەک لەگەڵ خاتوونێکی خاوەنکار

**دیمانە:**
**شاماران**

**دەزانین کە سەربخۆیی ئابووری یەک لە پایەکانی هەرە گرینگی پێشکەوتنی ژنانە و هەر بۆیەش حکومەتە دیکتاتۆڕەکان ئاستەنگی سەربەخۆیی ئابووری بەتایبەتی بۆ ژنان دروست دەکەن، هەر بۆیە دەمانەوێ چیرۆکی سەرکەوتنی ژنان لە بواری ئابوری بەخەینە بەر چاوی خوێنەران و بزانین چۆن ئەم کارەیان دەسپێکردووە و چۆن ئەم بیرۆکەیەیان بۆ هاتووە و دەستپێکی کارکردنیان چ ئاستەنگیەکیان بۆ هاتووە پێش چۆن توانیویانە بەسەر ئەم ئاستەنگانەدا زاڵ بن و هەروەها باسێک لە بارودۆخی ئابووری ژنان بەگشتی بکەین کە ئێستا لە چاو ڕابردووە چۆنە و هەروەها هەلی کار بۆ ژنان چەن بەردەستە و بنەماڵەکان چەندە پاڵپشتی کچان و ژنان دەکەن کە بتوانن گەشە بکەن و خۆلقێنەر بن، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو «غەریبە عەبدوڵا علی» –شێوەکار کاری دیزاین و کاری جل وبەرگ و پێداویستیەکانی کوردان وخانمان لە تاراوگە دەبێ.**

**١– دەزانین کە سەربخۆیی ئابووری یەک لە پایەکانی هەرە گرنگی پێشکەوتنی ژنانە و هەر بۆیەش حکومەتە دیکتاتۆرەکان ئاستەنگی سەربەخۆیی ئابوری بەتایبەتی بۆ ژنان دروست دەکەن، ئێستا کە جنابت خاوەن کاری پێم خۆشە پێشەکی بۆمان باسی چۆنیەتی دەسپێکردنی ئەم کارەت بکەی و چۆن ئەم بیرۆکەیەتان بۆ هات؟**

وێڕای سڵاوم بۆتان پێش هەموو شتێک زۆر داوای لێبوردن دەکەم بۆ وەدرەنگ کەوتنی وەڵامەکانم کە ئەویش هۆکاری سەرقاڵی و مەشغوڵیم بوو بە کارەکانمەوە

دەست خۆشی و ڕێزی بێ پایانم هەیە بۆ بەسەرکردنەوەی ژنان و دەرخستنی توانای چینێکی گرینگی کۆمەڵگە

خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم کە لەو ڕێگەیەدا منیشتان هەڵنەواردووە و بەسەرتان کردمەوە

بۆ وەڵام دانەوەی یەکەم پرسیار دەکرێ بڵێم سەربەخۆی لە کاری ئابوری بەبڕوای من نەک بۆ ژن وەکوو تاکێکی گرنگی نێوکۆمەڵ بگرە بۆ هەر کەسێک بە پێویستی دەزانم. چونکە کارکردنی تاک بە تایبەت ژن تەنیا بۆ برەودان نیە بە پڕکردنی باخەڵێکی پر لە پارە بگرە زۆر پێویسترە لەبەر باری دەرونی تاکەکان و کرانەوەی مێشک و ئاڵوگۆری ڕا جیاوازەکان

دەستپێکی ئەوکارە یا هەر کارێکی من دەگەڕێتەوە بۆ خولیا و ئامانجەکانی من هەر لە سەرەتای قۆناغێک کە خولیای کار لە مندا خۆشەویستیەکی زۆر و پڕبایەخ بووە

دەستپێکی ئەو کارەشم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من هەم لە بواری هونەر و دیزاین خوێندومە و کارم کردووە پێشتریش و ئێستاش زیاتر ناساندن و تێکەڵ بوونی زیاتر لەگەڵ کولتور و جوانیەکانی کورد و ژن بوون لەلای من ئارامبەخشن بۆیە زیاتر بیرم لەو کارە کردەوە کە هەم بۆ ئارامی مێشکی خۆم و دورکەوتنەوەم لە دڵەڕاوکێی غوربەت و ژاوەژاوی تاراوگە تێکەڵ بە کار بم کە لەگەڵ سوودە ئابووریەکەی سوودی زیاتری هەبێ بۆ ژنانی کورد لە دوری نشتیمان و بە ئاگا بوونم لە پێداویستیان و دەست گرتنیان بۆ نغرۆ نەبوونە لە مەنفای تاراوگە.

**٢– وەک دەزانین خاوەن کار بوون بۆ ژنان بەتایبەتی قورسترە لەبەر ئەوەی ئێمە دواجار ئاستەنگی کۆمەڵگەشمان هەیە بۆ ژنان، دەمەوێ بزانم لە دەستپێکی کارکردنتان چ ئاستەنگیەکتان بۆ هاتە پێش چۆن توانیتان بەسەر ئەم ئاستەنگانەدا زاڵ بن؟**

باس کردنی ئەم کارە و هەموو کارەکانی ترم هەر لەو تەمەنە بووە کە پێم وابووە مرۆڤ دەبێ زیاتر لەوە داوای ماف بکات هەست بە ئەرک بکات و هەوڵم داوە سوود لە دەست و تواناکانی خۆم ببینم ئەوەشیان گومان نییە کە چەندین ئاستەنگ و بەربەستی خۆی هەیە بەڵام بەربەستەکان بە پێی پێگەی خێزانی و کۆمەڵگە دەگۆردرێن

بۆم بە خۆشحاڵی و شانازییەوە کە لە بنەماڵەیەکی شوڕشگێر بە مانا ڕاستەقینەکەی هاتوومەتە دونیاوە و وەکو پێویستی پێویستم بە کارکردن نەبووە لەگەڵ ئەوەشدا خۆلیا و بیرکردنەوەم بە جیاواز لەو کاتانە کۆڵم نەداوە هەر لێرەدا دەمەوێ بڵێم بەربەستەکان بۆ من دەکرێ زۆر جیاوازتر بووبن و تێگەیشتنی بنەماڵەکەشم بەتایبەت باوکی خۆشەویستم کە هەمیشە یەکەم ئەشق و قارەمان و کاریزمایەک بووە لە ژیانمدا کە زیاتر توانیومە زاڵ بم بەسەر کۆسپەکانی سەر ڕێگەم. یەکێک لە هەرە ئاستەنگەکانی بەردەمم ئەوە بوو کە لەبەر ئەوەی پێویستم پێی نییە بۆیە ناچار نیم کار بکەم بەڵام پەروەردەم هەمیشە واباری هێناوم کە من جودا نیم لە تاکەکانی تری کۆمەڵگەکەم و ئاستەگ و نیگەرانیەکانیان بە هی خۆم دەزانم بۆیە دەبێ لەگەڵ ئەوان بن و کارکردنم



زیاتر بۆ کرانەوەی و بەئاگاییم بێ پێش پربوونی گیرفان هەربۆیە من پێم وایە ئەو ئاستەنگانەی دێنە ڕێگە دەکرێ ببن بە بەردەبازی ڕێگە بۆ گەیشتن بە ئامانج

**٣- بە بەڕوای من ژنانی خاوەنکار ڕێچکە شکێن و بوێرن و پێشەنگن لە ڕەخساندنی هەلی کاریش، نابێ ڕۆڵی بنەماڵە لەبیر بکەین کە دواجار ئەوان کاریگەری زۆریان هەیە کە کچان بتوانن خۆلقێنەر بن و ئەم دەرفەتەیان پێ بدرێ کە گەشە بکەن، هەر بۆیە پێم خۆشە بپرسم لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەتان بنەماڵەتان پاڵپشتیتان دەکرد؟**

لە باسی سێیەم دابە پێویستی دەزانم بیمەوە سەرەتا و چونکە گومان نییە خێزان و بنەماڵە دەورییان هەیە بەڵام ڕۆڵی سەرەکی لەگەڵ کارێکدا خودی تاک خۆیەتی کە دەبێ بە خۆی بڵێ(دەبێ ئەو کارە بکەم، دەبێ ئەوکارە بکەم) بۆیە شتەکانی تر بلقی سەرئاون و ناهێڵین ببنە ڕێگر.

**٤- ئەگەر باسێک لە بارودۆخی ئابووری ژنان بەگشتی بکەین کە ئێستا لە چاو رابردووە چۆنە و هەروەها هەلی کار بۆ ژنان چەن بەردەستە؟**

گەر بمانەوێ باسی بارودۆخی ئابووری ژنان بەگشتی بە بڕوای من دەکرێ دوو بەش بن:-ڕاستە باری ئابوری بە گشتی و ژنان بەتایبەت جیاوازە لە ساڵانی پێشوو و ئێستا باشترە بەڵام ماوە و دەبێ زۆر زیاتر هەوڵ بدەن بۆ دەوڵەمەند کردنی هزریان پێش باخەڵیان. چۆنیەتی باش کردنی باری ئابووری لەلای من زۆر گرینگە ئەویش لە دوو بارەوە ١.ئایا چەند ئاسودەی لەوکارەی دەیکەی وئامانجت چییە؟ ٢-ئایا کارەکات تا چەند لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتی و کەسیەتیت دەگونجێ واتە بوونی کارێک بێ لەتمە نەگەیەنێ بە کەسایەتیت و بگرە شانازی بکەی کە خاوەنی ئەوکارەی بەگشتی دەڵەمەند کردنی باری ئابووری ژن لای من تەنیا پڕکردنی بانک و کڕینی پێداویستیە ماددیەکان نییە بگرە گرینگتر ئەوەیە بتوانی پێگەیەک بۆ خۆت، و قسەکەت دابنێی بە واتایەکی تر ببی بە خاوەن قسە وشوێن و قسەت دیار بێ لە نێو خێزان و کۆمەڵ دا خۆت پێش هەمووان شانازی بە خۆت و توانا و پێگەکەتەوە بکەی

**٥- وەک کۆتا پرسیار دەمهەوێ ئەوە بپرسم کە ژنانی وەک ئێوە دایمەن ئیلهام بەخشن بۆ ژنانی تر چیتان هەیە بەو ژنانە بڵێن کە ئەوانیش ئەو هەموو بیرۆکە جوانەی کە هەیانە پەیڕەوی بکەن و نەترسن لە جێبەجێکردنیان؟**

لە کۆتاییدا دەڵێم بە خۆشحاڵیەوە کە ژنم، دایکم، هاوژینم ژنانی وەکو من و منێکی وەکو ژنانی بوێر و ڕۆشنبیری تر زۆر ئیلهام بەخشن بۆ هەموو مێینەکانی نشتیمان و گشت هاورەگەزاکانمان لەم کەونەدا.

بە هەموو ژنان دەڵێم شانازی بە خۆتان و ژن بوونتانەوە بکەن ژنان نەک هیچتان کەم نییە بگرە دەبێ بوێرانە و سەربەرزانە بە بیروهزرێکی پاراو بە پرێسکەیەکی پروواوپڕ لە باوەڕبەخۆبوون لەنێو مەیدانی کاردا شوێن و مەکانیان هەبێ و هەوڵ بدەن بۆ بەرەودان بە توانا و ئارام کردنی دەرونیان پێش بیرکردنەوە لە باخەڵ و بانکەکانیان، ئامانجیان هەبێ دڵنیام ئەوکات سەرمایە خۆی دێتە دەست و ژنانیش چیتر لە بری بڕیاردەر جێبەجێکار نابن کە ئەوە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە

# چیرۆکی ئیلهامبەخشی ژنانی خاوەنکار

دیمانە: شاماران
گێڕانەوەی نەرمین محەممەد ناسراو بە نەرمین نویردی

من نەرمین محەممەد ناسراو بە نەرمین نویردیم خیزاندار و دایکی پێنج کوڕی ژیرم (حەیف کە کچمان نییە) لە کوڕەکانم ڕازیم و باش پەروەردە بوون. پیشەوەرم، پیشەم دروستکردنی شیرینییە وەک دەزانن هەریەکمان جورێک لە کار و ئەرک دەستنیشان دەکەین بو داهاتوو و بژیویمان. منیش دروستکردنی شیرینیم وەکو پیشە، دەستنیشان کردووە بو داهاتووی خۆم. بەڕاستیش بیرم لە کاری جۆراوجۆر کردەوە بەڵام هەستم کرد دەس و پەنجەم لەگەڵ شیرینی و ئیشی هەویرکاری باش دێتەوە. بۆیە ئەم ئیشەم کردووە بەپیشەی خۆم و لەڕاستیشدا و بەدڵنیاییەوە سەربەخۆیی ئابووری بۆ هەر تاکێک پێویستە چ ژنان چ پیاوان. بەوجۆرەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و خۆئامادەکردن بۆ ژیان گرینگە ئەوەندەش پەروەردە و داهات بۆ گیرفان پێویستە. بەڵام دەربارەی ئێمەی ژنانەوە ئەوکاتەی بڕیار دەدەین بۆ کارکردن بەڕاستی ئەرکمان دەبێت بە دوو هێندە و بگرە زیاتر چونکە سرووشت دایکایەتی داوە بە ئێمە بۆیە بەڕاستی ئەرکی سەر شانت قورستر دەبێت. من پێموایە ئێمەی ژنان بەهرە و لیهاتوویی زۆرمان هەیە بە مەرجێک ئاشنای بین و لە خودی خۆماندا بیدۆزینەوە و بزانین دەستە ڕەنگینەکانمان، کارەکانمان، تواناکانمان چییە

ئەوەی کە بۆ من جێی داخە ئەوەیە کە هەست ئەکەم جۆرێک لە خنکان هەیە لە تواناکانی ژناندا کە لە بازنەیەکدا هێڵی بۆ دەکێشری ئەمە ئەرکی تۆیە تۆ دەتوانی ئەمە بکەی و ئەمەت بۆ ناکرێ بۆیە زۆر گرینگە خۆت ئەو بەهرەیە لەنێو خودی خۆتدا بدۆزیتەوە و بڕەوی پێ بدەیت. وەک وتم ئەرکمان قورس دەبێت بەڵام ئەتوانیت چونکە من بە هۆی جۆری ئیشەکەمەوە کە چەند ئافرەتی تر هاتوون لە گەڵمدا ئیشیان کردووە و لە سەرەتادا هەر خۆیشم لە کارگەیەکی باشی ئەم شارە کارم کردووە، هەر لەگەڵ ئافرەتاندا ئەمە وایکردووە چەندین جۆر و کەسایەتی و ئاست و بیرکردنەوەی جیاواز هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم وکاری لەگەڵدا بکەم

ئافرەتی وا هەبووە سەرەتا بەڕاستی هەر نەشیزانیوە ئەو ئیشە چۆنە و چییە بەڵام دواتر کە ماوەتەوە و بەردەوام بووە، بەجۆرێک فێر بووە و ئیشەکەی خۆشویستووە کە هەستم کردووە ئیتر دوای ئەوە وەک چۆن دەڵێی مەلێک باڵ دەگرێ و ئیتر ناچێتەوە هێلانە چاوەڕێ ناکات کەس خواردنی بۆ دابین بکات یان چاوی لەدەستی کەس نییە. بەڕاستی ژنانیش کاتێک دەبنە خاوەنکار و داهاتێک بۆ خۆیان، ئیتر باڵ دەگرن و پێویستیان بەوە نییە ژیانیان بۆ دابین بکرێ بەڵکو خۆیان ژیان بۆ خۆیان دابین دەکەن و ئەمەش بەڕاستی سەربەخۆیی ئابووری خاڵی بەهێزی کەسایەتییە. وەک وتم بۆ هەموو مرۆڤەکان ئیشکردن کەسایەتییە و کاتێکیش کەسایەتی خۆت لە ئیشکردن و داهاتدا دەبینێتەوە هێز بە خۆی و دەور وبەرەکەی دەبەخشێ. ئەو هێزە هیزێک دەدا بەو مرۆڤە و دەتوانێت بڕیار بدات دەتوانێت چاکە بکات دەتوانێت خۆی ئەو ڕەنگە جلە دەیەوێت لەبەری بکات. ئەو داهاتوویەی دەیەوێت دابینی بکات هەتا ئەو کرێ تەکسییە کە دەبێ بیگەیەنێت لە جێگەیەک بۆ جێگەیەکی تر بە دەستی خۆی بەرهەمی دەهێنێ و کاتێکیش داهاتێکت دەبێ کە تایبەت بە خۆتە

هەموومان دەزانین پارە دەبێت پەیدا بکرێت ئەمجار خەرج بکریت بەر لە پەیدا کردن خۆت پێوەی ماندوو بووی ئیتر بە ڕاستی چێژێکی ڕۆحی زۆر باشی هەیە وادەکات هەست بکەی کاتەکانت لێ خەسار نابێت، کاتەکانت بەش کردووە لە ژیانی خۆتدا من ئەزموونی زۆرم هەیە لە جۆری کار کردندا

بەڕاستیش من پێم خۆشە بە کورتی بەپوختیش باسێکی چۆنیەتی دەسپێکردنی ئیش خۆم بکەم وەک وتم لە سەرەتاشەوە ئاماژەم پێکرد من خێزاندارم و دایکی پێنج کوڕم. ئەو کاتەی بڕیاری چوونەدەرەوە و کارکردنم دا دوو لە کوڕەکانم کە دووانەن تەنها چوار ساڵ بوون و تەمەنیان خوار تەمەنی داینگە بوو و پێویست بوو بیاننێرینە داینگە. زەحمەت بوو زۆر بەخەیاڵیش کە بیرم لێدەکردەوە و چۆن دەتوانی تۆ ئەم منداڵانە بەجێبهێڵی کە لە کاتێکدا بیست و چوار سەعات کاتیان لەگەڵ دایک دەبێت. بەڕاستی منداڵ هەمووان هەموو ئەوانە دایکن و مناڵیان پەروەردە کردووە دەزانن. بەڵام دواجار وا بیرم کردەوە ئەگەر قەرار بێت من شتێک کە تەمەنی دایکایەتی و ژیانی خۆم لە دەرەوەی ئەم ماڵە بەسەر بەرم لە کۆتاییدا بۆ باشترکردنی ژیان و داهاتووی منداڵەکانە. واتە تەنها کەمێک هێزی دەوێ کاتێک لەڕووی عەتفەوە بیر دەکەیتەوە قورسە بۆ دایک زۆر زەحمەتە بەڵام لەڕووی عەقڵەوە بیر دەکەیەوە ڕێگەی ڕاست و لۆژیک ئەوەیە کە بەڵێ دەبێ هەوڵ بدەین بۆ گەورەکردن و پەروەردەکردنیان. بۆیە سەرەتای دەسپێکردنی ئیشەکەم لە کارگەیەکی باشی ئەم شارە دەستم بەکار کرد. ماوەی دوو ساڵ لەوێ بەردەوام بووم دواتر بڕیارم دا بگەڕێمەوە ماڵەوە و هەم بە منداڵەکانم نزیک ببمەوە و هەم درێژە بەکار و پیشەکەی خۆم بدەم. سەرەتای دەستپێکردنم تەنیا لە ژوورێکدا بووم لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکانمدا ئیشمان دەکرد ڕۆژی وابوو دوو بۆ سێ کیلۆ شیرینیمان درووست دەکرد دواتر بەپێی جۆری ئیشەکەمان کە ئیشی هەویر بوو ئیشێکی باشمان پێشکەش

دەکرد گەشەی سەند وای لێهات زیاتر لە هەشت کارمەندی ئافرەتم لەلا بوو پێکەوە کارمان دەکرد لە حەوتی بەیانی بۆ حەوتی ئێوارێ کەمی بەرهەممان هەبوو یانی نەماندەتوانی ئەوەی لێمان داوا دەکرا بەتەواوەتی ئامادەی کەین و پێشکەشی بکەین. بۆیە ئەوە یانی هەنگاوێکە من زۆر جار دەڵێم مەرج نییە چاوەڕوان بین زەمینەیەکی لەبار و کەشێکی ئارام و داهات و پارەیەکی باشمان پێ بێ بۆ ئەوەی بتوانین کار بکەین من وەک وتم سەرەتا لەیەک ژوورێکەوە دەستم پێکرد و بە دیار فرنێکی بچووک و پنەیەکەوە بەڵام توانیم

دواتر توانیمان هەر لەو ئیشە کارگەیەکی پوختە و جوانی سەربەخۆ دابمەزرێنین و هەتا ئێستەش بەردەوامین لەگەڵیدا و ئێستەش کوڕەکان گەورە بوون لەگەڵم کار دەکەن و دوو کارمەندی ئافرەتیشمان لایە و درێژەشمان بە ئیشەکەمان داوە و ڕادەیەکی باشیش ڕازین لە جۆری ئیشەکەمان و داهات و سەرچاوەی ژیانمان کە ماڵباتێکی حەوت کەسین، تەنیا هەر ئەم ئیشەیە کە ئێستا بەردەوامین تێیدا. بۆیە بەڕاستی کار کردن و بڕیاردان لە هەر پیشەیەک و هەر جۆرێک لە کاری دەستی و پیشەیی تەنیا پێویستی بەهێز و باوەڕی مرۆڤ خۆیەتی. من پێموایە هەر کارێک بتەوێ بیکەی بە مەرجێک بتەوێ دەتوانیت. بەدڵنیاییەوە بڕیاردان بۆ کار کردن زۆر ئاستەنگ و زۆر قسە و باس و زۆر بیروڕای جیاواز دێنە سەر ڕێگەت و پێویست دەکات خۆت لەسەرووی هەموو ئەمانەوە بیت. ئاستەنگیشمان بۆ دروست بووە تووشی بیروڕای ئاڵۆزیش بووین و زۆر جار بەناوی دڵسۆزییەوە لەلایەن کەسە هەرە نزیکەکانەوە خراوینە بەر توانج، بەجۆرێک ئەوەی منی زۆر بێتاقەت کردووە لە سەرەتای ئیشکردنمدا ئەوە بوو کەسانێک دەیانویست بەزەییان بە مندا بێتەوە کە من دایکی منداڵم و کار دەکەم بەس من زۆر بە دەنگێکی دلێر و زۆر بە گەردنێکی بەرز ئەمەم وتووە و هەمیشە دووپاتی دەکەمەوە پێم خۆشە هەموو ژنانیش بەم شێوازە بیر بکەنەوە من ڕێز لە هەر چاوێک دەگرم کە بەچاوی ڕێزەوە سەیرم دەکا بەڵام هەرگیز ڕێگە نادەم هیچ چاوێک بەچاوی بەزەیی سەیرم بکا. لەبەرئەوەی من مرۆڤێکی تەواوم کامڵ و تەواو پێگەیشتوو، تێگەیشتوو، توانای کارکردنم هەیە. کەواتە ئەوە من خۆم بڕیار دەدەم لە سەر ئەوەی کار بکەم نە لەژێر هیچ زەختێک دام نە پێویست دەکات هیچ کەس منی پێ گوناح بێت یا خەمی منی بێت یا بڵێت ناتوانییت، با ئەتوانم مرۆڤ هەمیشە شایانی ئەو ئەرکەیە کە خۆی بەخۆی دەسپێرێ تەنیا بڕیاردانی زەحمەتە

بەڕاستیش زاڵ بوون بەسەر ئەو بەرزی و نشێویانە کە دێتە ڕێگەت و ئەو تەنگ و چەڵەمانە کە تووشت دەبن لە کارکردندا تەنها هێز و باوڕبەخۆبوونی دەروونی خۆتی دەوێت یانی پاشگەزبوونەوە و کشانەوە دواوە بۆ ئەوە کە ناتوانی و ئەمە لە توانای مندا نییە، ئەوە زیانت پێ دەگەیەنێ. هەموومان دەزانین جەستە ئەو کارە دەکات کە مێشک فەرمانی پێ دەکات تۆ لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەی و باوڕت بەو هێز و توانایەت هەبێت کە لە خودی خۆتدا هەیە هیچ ئاستەنگێک هیچ بەربەستێک ڕێگر نابێت لە بەردەم کارکردنی تۆدا و بەڕاستی ئێمەی ژنان بەتوانا و بەهرەیەکی ئێجگار زۆر ورد و بەسەلیقەمان هەیە، تەنیا وەک وتم گرینگە ئاشنای ئەم توانایە بن. من لە ژیانی خۆمدا بە تەجروبە ئەمەم دیتووە

چەندین ئافرەت هاتوون لەگەڵ مندا کاریان کردووە کە بەڕاستی هەموویان کەسانێکی زۆر باش و بەڕێز بوون. من ئومێدوارم هەموویان ئەم بابەتەی من ببینن و بیخوێننەوە. بەڕاستی کەس هەبووە هاتووە هەر نەیزانیوە چۆن دەست بۆ هەویرەکە بەرێ بەڵام دوای بەردەوامیی لەگەڵ ئێمە وەدوای شێوازی ئیشکردنی ئێمە، وا دەستڕەنگین بووە کە خۆیشی پێی سەیر بووە. تەنیا وەک وتم تواناکانی ئێمە خنکێندراون وەک دەڵێی پەردەیەکی بەسەریدا داپۆشراوە کە تۆ ناتوانیت کە ژن و ماڵیان گوتووە کە ژن دەبێت لە ماڵەوە بێت و دیارە ئەرکی ماڵەوەش بەڕێوە دەبەین

ئەرکی ئێمەی ژنان ئەرکێکی زۆر پیرۆزە و پەروەردەی خێزان و دایکایەتی لەسەر شانی ئێمەیە و پشکی هەرە گەورە وەبەر دایک کەوتووە، لە گەورەکردن و پەروەردەکردنی تاکی کۆمەڵگە. ئەمەش ئەرکێکی زۆر پیرۆز و زۆر لە جێی خۆیدایە و هەمیشە وتوومە بە هێزی دایکەکان واتە بەهێزی خێزان بەڵام دەتوانێ لەگەڵ ئەوەدا ئەمەش بکەی

من بۆ نموونە بۆتان بگێڕمەوە کارمەندم هەبووە کە لەگەڵ مندا لەسەر مێزی کارکردن کە جۆری ئیشی ئێمە ئیشی دەست و هەویرکارییە کە بەڕاستی دەبێ دەستوبرد هەبێت دەبێت پوختوخاوێن بیت، کات لەسەرت ناوەستێت، زۆر بە گورجوگۆڵی دەبێ ئەو هەویرە ڕاپەڕێنیت لەبەر ئەوەی هەویرەکە دواجار ئەو ئیشە نادات بەدەستەوە کە تۆ دەتەوێ؛ بەڵام کارمەندم هەبووە ئەوەندە گورجوگۆڵ بووە ئەوەندە لێهاتوو بووە دایک بووە لەگەڵ دەسپێکردنی ئیشەکەی لەسەر مێزەکەیدا سەعی بە قوتابییەکەی کردووە لە ماڵەوە ئاگەی لە منداڵەکەی تری بووە بەجێی هێشتووە. ئەمانە تواناکانی ئافرەتن ئەگەر بزانن ئێمەی ژنان چۆن سوود لە تواناکانمان ببینین توانا و وردەکاری و سەلیقەیەکی زۆر باش هەیە لە ناخ و بوون و کەسایەتی ژندا تەنیا ڕێگە بدەین ئەم توانایانە ئەم بەهرانە قوڵپ بدەن بێنە دەرەوە لەنێو ناخدا نەخنکێندرێن، خامۆش نەکرێن من هیوادارم هەرکەس بتوانێت ئەو توانایانەی خۆی بدۆزێتەوە و ڕێرەوێکی زۆر باش دەگرینەبەر وەک گوتیشم بەهێزی ژنان بەهێزی دایکەکان بەهێزی خێزان و کۆمەڵگەیە.

بەبڕوای منیش ژنان هەمیشە ڕێچکەشکێن بوون ئێمە بەرلەوەی ژن بین، مرۆڤین. مرۆڤیش ئەرکی لە سەرشانە ئەرکیش بەپێی مافە ئێمە دەبێ ئەو ئەرکەی لەسەر شانمانە جێبەجێی کەین. دواجار داوای مافەکانی خۆمان بکەین و بەڕاستیش من پێم وایە هەر لە سەرەتاشەوە ژنان لەژێر ئەرک و بەرپرسیارەتیدا بوون. بۆ نموونە ئەگەر لە لادێکانەوە سەیر بکەین لەوێوە ژنان شانبەشانی پیاوان کاریان کردووە هەوڵیان داوە و ماندوو بوون و کاتێک من بەو پرسیارە تۆزێک بێتاقەتم کاتێک لە کەسێک دەپرسن تۆ ژنی ماڵەوەی بەڵێ ژنی ماڵەوەیە، پەروەردەکارە




فێرکارە، و هاوکاری خێزانەکەی و هاوسەرەکەی دەکا لەو جێگایەوە کە خەریکی بەروبووی کشتوکاڵییە پیاوەکان لە دەرەوە کشتوکاڵەکان پێئەگەیەنن و ژنان لە ماڵەوە سەرپەرشتیان دەکەن و ئاگەیان لێیە ئەگەر لە دروستکردنی ڕوبێکی هەنارەوە ورد ببینەوە، ئەگەر قەرارە ئەو ناتوانێت بچێتەدەر و لە باخەکەدا هەنارێک بنێژێ، کە ئەشتوانی بەڵام ئەرکی دایکایەتییەکە ڕێی لێ گرتووە و پەروەردەی کاتەوە بەڵام لە ڕنینی هەنارەکەوە ئەوت لەگەڵدایە هەتا لێکردنەوەی تا پێگەیاندنی و هەتا کردنی بە ڕوبی هەنار و هەتا خستنە بازاڕیەوە. بۆیە بەڕاستی هەمیشە ژنان کاریان کردووە و ئەرکیان لەسەرشانە و ئەرکێکی لە خۆیان گەورەتریش دەخرێتە سەر شانیان و هەر دەشتوانن بەڕێوەی بەرن. بەدڵنیاییەوە زۆر جار ژنان توانایی باشیان هەیە لێهاتوون بەڵام بەداخەوە هەل و بواری ڕەخساو نادرێ ڕێگر هەیە و کەسانێک لەژێر ناوی دڵسۆزیدا و بەرپرسیارێتی باوکایەتیدا و برایەتیدا و هاوسەرییدا و هەر ناوێکیتر کە ڕێگە بە خۆیان دەدەن ئەم توانایە لەم کەسەدا خامۆش دەکەن و پێیان وایە تۆ دەبێ لە ماڵەوە بی. تۆ لە ماڵەوە کار بکەی ئەو کارە کە لە ماڵیشەوە دەیکا کەم نییە. وەک وتمان باوەڕ کە ئەویش ئەرکە بەڵام ئەمە جۆرێک چاو لەدەستی فێر دەبێت ئەمەش وا دەکات کەمێک لە دەروونەوە ماندوو بێت، ئاڵۆز بێت، ناتوانێ بڕیاری سەربەخۆ بدات. هەمیشە دەبێت لەژێر یاسا و ڕێسای کەسێکدا بێت و زۆر جاریش ئەو کەسە کەسێکی باشە و زۆر جاریش لەم ڕێگایەوە پێشێلی مافی ئەو ئافرەتە دەکرێت و دەخرێتە ژێردەست و بەچاوێکی بەزەیی و پلە دوو تەماشای دەکرێت

من پێم وایە زۆر دەمێکە ژنان کار دەکەن هەمیشە لە ژێر ئەرک و بەرپرسیارەتیدا بوون بەڵام بواردان بۆ کارکردنیان لە دەرەوە بۆ هەبوونی داهات و ئابوورییەکی سەربەخۆ پاڵپشتی ناکەن، زۆر گرینگە من بەشبەحاڵی خۆم بەڕاستی هەم لە خێزانی سەرەتام کە تێیدا گەورە بووم لەلایەن دایک و باوکمەوە، هەم لە خێزانی ئێستاشم کە هاوژینم هەیە وماڵباتم پێکهێناوە، لە هەردوولاوە زۆر پاڵشتی کراوم. بەتایبەتی لەو کاتەوە کە دەستم بە کارکردن کرد لەلایەن باوکم و دایکمەوە -ڕۆحیان شاد بێت ئێستا لە ژیانا نەماون- لە چەند جێگایەک چەند قسەیان کردووە ئێجگار زۆر هێزی بە من بەخشیوە بۆ نموونە مەسەلەن هەستم دەکرد کە ئیتر من میوانێکم هاتووە خێزاندارم و ماڵم بەجێ هێشتووە. جارێکیان هاتم و باوکم و خۆشک و برانم لە ماڵمان بوون زۆر هەستم بە شەرم کرد کە من نەدەبوو لە دەرەوە بم من میوانم هاتووە، باوکم زۆر بە سادەیی پێی وتم: «ڕۆڵە گیان بۆچی وا بیر دەکەیتەوە تۆ ئیش دەکەی لەشت ساخ بیت چەند دەتوانی بەردەوام بە، ئەوە نییە هاتیتەوە و لەگەڵیشمان دانیشتی لەوە بێتاقەت مەبە» یان مەسەلەن دایکم هەمیشە ئەو سەیر کردنانەی هەمیشە ئەو هێزەی کە پێی دەبەخشیم یەکەم جار کە چوومە دەرەوە بۆ کارکردن دایکم لە ماڵەوە خواردنی بۆ دروست کردم و بۆی ناردم کە هیچکات لە بیرم ناچێت و زۆر وزەی پێبەخشیم. لەگەڵ ئەوە خۆیشم دایک بووم بەڵام پێویستم بەو پشتگیرییەی دایکم هەبوو بۆیە زۆر گرینگە هاوکاری خێزانەکەم و هاوسەریشم زۆر متمانەی بەو توانا و تاقەتەی من بوو

یەکەم جار کە هەنگاوم نا بۆ ئیشکردن زۆرمان موناقشە کرد کە چۆن ئەم منداڵانە بەجێبهێڵین کە چۆن دەتوانین دواجار من قسەیەکی هاوژینەکەم لەیادە کە زۆر بەکورتی و بەپوختی وتی: «نەرمین لەوەی دڵنیام کە ئەم ئیشەت بۆ دەکرێت، گومانێکم نییە بەڵام ئەرکت زۆر زیاد دەبێت. دەتوانی بچیتە ژێر ئەو ئەرکە منداڵەکان بەجێبهێڵی». یەعنی ئەوە وایکردبوو من زۆر ماندوو دەبووم ڕۆژانە بەڵام بیرم دەکەوتەوە من دەتوانم پێیان وتووم لێم ڕادەبینن کەواتە دەبێ بەردەوام بم. بۆیە پاڵپشتی خێزانەکان زۆر گرینگە من هەتا ئێستاش لەگەڵ هاوژین و کوڕەکانم پێکەوەین و ئەرکی ماڵ و ژیان و داهاتی

وەکیەک دابەش کردووە. لە نێوان خۆماندا من کورەکان لە کاری ماڵەوەشدا هاوکاری منن و دیارە با نەڵێین هاوکاری منن، من وا پەروەردەم کردوون کە خۆیان بەڕێوەبەرن هەرکەسێک خاوێنی و ئەرک و بەرپرسیارەتی خۆی لەسەر شانێتی و بەڕاستیش دڵخۆشین پێکەوە کار دەکەین و ژیانمان بەوجۆرە ڕێکخستووە کە هەر کەسێک ئەرکی خۆی دەزانێت و مافی خۆشی دەناسێت، ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ خێزان بەشێوەیەکی گشتیی باردۆخی
ئابووری بۆ هەر تاکێک پێویستە و بەڕاستیش بۆ ژنان بە تایبەتتر چونکە زۆرجار لەژێر ناوی سەرپەرشتی و ئاگەلێبوون و بەخێوکردندا ژنان چەوسێندراونەتەوە بەڵام ئێستا کاتێک ئابووری سەربەخۆ هەیە و بڕیار لەدەستی خۆیدایە و کاتێک دەتوانێ و داهاتی هەیە بۆخۆشی و بۆ خێزانەکەشی ئەمە بەجۆرێک دەنگ دلێر و خاوەن بڕیاری دەکات. وەک وتمان پارە هێزە بۆ مرۆڤ دەتوانێت هێزێکی تر بەم ئینسانە ببەخشێت. بڕیار لەدەستی خۆیدایە چۆن دەتوانێ بڕیار بدات. هیوادارم بڕیارەکان لە جێی خۆی و دروست بن بۆ کۆمەڵگە و بۆخۆیشی. هەلی کار خراپ نییە بۆ ژنان بەڵام من زۆرجار و لە زۆر شوێن دەبیستم مەسەلەن کاتێکی زۆریان لێ دەگرێتەوە و بەمووچەیەکی کەم. ئەمن هیوادارم چاوێک بەمەدا بخشێنرێتەوە و لایەنی بەرپرس بەئاگە بێت کە کارکردنی ژنان یاسای هەبێت و کاتی دیاریکراو هەبێ و مووچەی دیاریکراو و ئەگەر لە داهاتوودا ئەمە بکرێت زۆر باش دەبێت
وەک هەمموو دەیزانین ئێستە ژیان وایە هەموومان لە یەکترەوە فێر دەبین گرینگە ئینسان هێز و وزەبەخش بێت بۆ دەوروبەرەکەی بەڕاستی من سوودێکی زۆرم بینی لەلایەن ئەو ئافرەتەوە کە یەکەم جار کارم لەگەڵ کرد. ئافرەتێکی زۆر بەهێز بوو زۆر باوەڕبەخۆ بوو. زۆر گورجوگۆڵ بوو لە کارەکەیدا و لە سەرەتاش کە من دەستم بەکار کرد بەڕاستی هیچم لەو ئیشە نەدەزانی بەڵام زۆرم پێویستم پێی بوو. لەبیرمە کە دەمویست پاقلاواکان ببڕم دەست و پەنجەم هاوسا نەمدەتوانی، کارەکە قورس بوو بۆم بەڵام ئەو زۆر بە

نەرمونیانی دەیوت: «تۆ وەرە سەیری دەستی دایکی خۆت کە» ئەمە وایکرد من بە چەندین جاری ژیانمدا ئەم وشەی ئەوم دووبارە کردەوە بەرانبەر بە کارمەندەکانم کاتێک کارمەندێک دەستی لێک دەهاڵا نەیدەزانی ئیشەکە بکات و ئەوەشم دەزانی پێویستی پێیەتی منیش هەمان وشەم بە کار دەهێنایەوە. کە ئیتر ئەمە سۆزێکە ئێمەی ژنان و ئێمەی دایکان خۆمان لە هەرکەس باشتر لێی تێدەگەین بۆیە زۆر گرینگە ئەو کەسە کە بڕیاری ئیشکردن دەدا یەکەم پێویستی بەو ئیشە بێت دووەم بڕیار بدات ئیش بکات، هەمووان دەتوانن من وەک لە سەرەتاشەوە ئاماژەم پێکرد هەموو مرۆڤێک خاوەن بەهرە و وردەکاری و توانا و سەلیقەیە لە ناخی خۆیدا بە مەرجێک خۆی ڕێگە بدات ئەم توانایانە سەر هەڵبدات، ڕێگە نەدات هیچکەس بیخنکێنێت و هیچکەس تواناکانی لێوەرگرێتەوە و کارکردنیش جیاواز لە داهاتە ماددیەکە لە کۆتاییدا ئێمە هەموومان بۆ داهات ئیش دەکەین هەر کار و وەزیفە و ئیش و شەهادە و ڕێچکەیەکی ژیان بگرینەبەر پێویستمان بە داهاتە و لە پێناوی داهاتدایە ئیش دەکەین. بەڵام زۆر گرینگە ژنان ئەم توانایە لە خۆیاندا بدۆزنەوە و ڕێگە بدەن، وردەکارییەکانی ناخیان خامۆش نەکرێت لەلایەن هیچ کەسێکەوە من زۆر جار دەڵێم باش و خراپی خۆمان لێی بەرپرسیارین هۆشیار بوونەوەی ژنان لە ڕێگەی کارکردنیانەوە، لە ڕێگەی داهاتیانەوە، لە ڕێگەی ئابووری سەربەخۆیانەوە، لە هەر کات زیاتر ئێستە پێویستمان پێیەتی. چونکە ئەمەم بەتەجروبە دیتووە لە ژیاندا. یەعنی مەسەلەن کەس هەبووە لەگەڵ مندا کاری کردووە زۆر سەرکوت کراوە زۆر ئازار دراوە، زۆر خامۆش کراوە و بەداخەوە ئیتر ئەمە خاڵێکە ناچارین پەنجە بخەینە سەری لەلایەن هاوسەرەوە ئازار دراون و بەچاوی بێڕێزی سەیر کراون و بچووک کراونەتەوە بەڵام کاتێک دێت و توانایی خۆی دەبینێت و ئیش دەکات و لەگەڵ ئەمەش دەجەنگێ ئاگەدار بووم کە مەسەلەن چەن ئازار دەدرا، چەن قسەی ناشرین و نەشیاو بەگوێیدا

دەدرا بەڵام من هێزێکی ترم پێدەدا. نە ئەتوانی نە بەهێز بە من چەندین جار وەک وتم خۆزگە کارمەندەکانیشم ئێستا ئەمە بخوێننەوە کە قسەکانی من دەناسنەوە کاتێک لەگەڵم کردووم و هەمیشە ئەوەم پێی دەوتن، چاوەڕێ مەبن هیچکەس ژیانتان بۆ خۆش بکات، چاوەڕێی ئارامی و ئاسایش بن لەنێو ناخ و دەروونی خۆتاندا، ئەمە دەبێت خۆتان دەستەبەری بکەن، فەراهەمی بکەن بۆ خودی خۆتان. بەهێز بە ئەو هێزەی دەروونی خۆتە دەتوانێ بەرەنگارت کاتەوە لەگەڵ کەسێک لەژێر هەر ناوێکدا. وەک وتم زۆر جار بەناوی دڵسۆزییەوە کەسەکان ئازار دەدرێن. بەڵام توانای ژنان زۆرە من لێرەوە دەمەوێ هەر ئەوندە بڵێم بۆ هەموو ئەو ژنانە کە دەنگی من دەبیستن و هەموو ئەو ژنانە کە ئەم بابەتە دەخوێننەوە تەنیا بڕیارەکە لای خۆتانە لە نێو ناخ و خودی خۆتاندا بڕیار بدەن دەتوانن لە بچووکەوە، لە هەنگاوە سەرەتاییەکانەوە، دەست پێبکەن و خەونەکانتان فراوان بکەن و داهاتووتان گەش کەن. ژیانتان و ئابووریتان و سەربەخۆییتان لەناو دەست و دڵ و دەروون و فیکری خۆتاندایە. چاوەڕێ مەکەن هیچکەس هەل و کار و زەمینەی باشتان بۆ دەستەبەر کات ئەوکاتە ئەو ئیش و بەرهەمە دەبێت بە هی خۆت کە خۆت هەنگاوە وردەکانی دەنێی کە خۆت ئاستەنگەکانت لەسەر ڕێگەی خۆت لادەبەیت ئەمەم بە تەجروبە لە ژیانی خۆمدا دیتووە و دڵنیاشتان دەکەمەوە تەنیا هێزی مانەوە لە کارکردندا پشوو درێژی و توانایی خۆتە، پشوو درێژ بن لەگەڵ کارەکەدا دەتوانن. من دە ساڵە ئەمە کارمە و بڕیاریشم داوە بۆ داهاتووشم هەر ئەمە کارم بێت، لەگەڵیشیدا دایکم، خێزاندارم، ماڵێکی پڕ ئەرک و میوانیشم هەیە و دەشتوانم بەڕێوەی بەرم لەمە هیچ گومانێک مەکەن هەرکەس بیهەوێ ئیش بکات تەنیا خۆی بیەوێت دەتوانێت، تواناکانی خۆتان بدۆزنەوە.
سپاس بۆ ئێوە کاتێکی شاد و سپاس بۆ ئەم دەرفەتە کە ڕەخساندتان و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ گۆڤارەکەتان دەخوازم

# «ژنان و بەهێزکردنی ئابووری»

دایکی میلینا

یونگ دەڵێ «ئەنیما و ئانیمووس (ژن و پیاو) تایبەتمەندی ڕەگەزی بەرامبەریان هەیە واتە لە ناخی هەر ژنێکدا پیاوێکی شاراوە هەیە و بەپێچەوانەوە لە هەموو پیاوێکدا لایانێکی ژنانەش بوونی هەیە».

کاتێک باس لە ئەنیما دەکەین واتە ژن، باس لە هێزی نائاسایی ژن دەکەین ئەنیما وشەیکی یۆنانییە بەواتای ڕووناکی ژیان کە لە٣٥٠٠ساڵ لەمەوبەرەوە ڕەتکراوە، سەرکوت کراوە و بەهۆی ئەمەوە جیهان لە هاوسەنگی خۆی دەرچووە. ژن نیوەی کۆمەڵگە پێک دەهێنێت و بوونەوەرێک لەناخی خۆیدا پەروەردە دەکات و ژیانی پێدەبەخشێت، بەو ڕۆڵە گرنگە کە لەسەر کۆمەڵگە و خێزان هەیەتی، کاریگەریی لەسەر نیوەکەی تریش هەیە. ژنان دەبێت وەک نیوەی کۆمەڵگە کەسانی لێهاتوو و خوێندەوارێکی بەرز بن کە ڕۆڵیان لە گەشەپێدانی بازرگانی و بەرهەمهێنانی کاردا هەبێت سەرەڕای نایەکسانی ڕەگەزی لەهەندێک لە وڵاتاندا، ئەو ژنانەی کمتر لە پیاوان دەگەنە پۆستی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو لە ئابووریدا بگێرن بەشێوەیەکی گشتیی ژنان لە بواری ئابووریدا پێشکەوتنیان بەدەست هێناوە بەڵام هێشتا ئاستەنگەکانی زۆرن بۆ بەدیهێنانی یەکسانی لەگەڵ پیاوان، تەنانەت لە کارە هاوشێوەکانی پیاواندا، ئەوان مافی کەمتریان هەیە بۆ گەیشتن بە یەکسانی ئابووری، پێویستمان بە گۆرانکاریی کولتووری و یاسای پاڵپشتە جیاکاری لەدژی ژنان لەلایەنی ئابوورییەوە زۆر زیانبەخشە ئەگەر ژن نەتوانێت بەهرەی پۆتانسیلی خۆی زیاد بکات بەو پێیەی ژنان زۆرینەی دانیشتوانی هەژار پێکدەهێنن، بۆ ئەوەی هەژاری کەم بکرێتەوە، پێویستە چاودێری بەهێزکردنی ژنان بکرێت، کە زیاتر بەشداری لە خێزان و کۆمەڵگە و ئابووریدا دەکەن. بەشداری ژنان لە ئابووریدا دەبێتە هۆی زیادبوونی مامناوەندی داهاتی خێزان، کەمبوونەوەی گەشەی دانیشتووانی بەکاربەر و لە کۆتاییدا، زیادبوونی بەرهەمهێنان لە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکاندا، ئابوورییەک دینامیکتر و بەهێزترە کاتێک هەموو هاووڵاتیان، چ ژن یان پیاو، بە یەکسانی بەشداری بکەن و کاتێک یاساکان بە ڕادەی پێویست پشتیوانی ژنان ناکەن، ئەگەری بوونی ژنانی بەتوانا بە زانیاری و لێهاتوویی خۆیان لە ئابووریدا کەمتر دەبێتەوە پێشکەوتنی ئابووری کاتێک مومکین دەبێت کە هێزی درووست بەبێ گوێدان بە ڕەگەز لە یارییەکەدا بێت پێگەی ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە، بەشی ژنانی گوندنشین لە هێزی کاردا لە



وڵاتانی جیهانی سێهەم زیاترە لە پیاوان بەهۆی سروشتی نەریتی پێکهاتی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی کار، هەروەها زیاتر لە ژنان و پیاوانی وڵاتانی پێشکەوتوو. زیادبوونی بەرهەمهێنان لە کەرتی کشتوکاڵدا وایکردووە خۆراک هەرزانتر بێت و بەشدارییەکی بەرچاو لە ئابووری خێزاندا دەکات بەهێزکردنی ئابووری ژنان تەنها بۆ قازانجی ژنان نییە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگەکان و خێزانەکان و گەشەسەندنی ئابوورییە، بەشداری ژنان دەبێتە هۆی زیادکردنی کارگێڕی و داهێنان، جگە لەوەش دەبێتە هۆی تەندروستی و پەروەردە و ئاسایشی بنماڵە، و دەبێتە پێویستییەک بۆ پەرەپێدانی بەردەوامیی و پێشکەوتنی ئابووری. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە هەتا زیاتر ژنان لە بواری ئابووریدا دامەزراو بن، جیهان دەوڵەمەندتر و ئاوەدانتر دەبێت، لە کاتێکدا ژنان لە کارە سەخت و کەمداهاتەکاندا زۆر زیاترە لە هی پیاوان لە بواری ئابووریدا، توانای ڕێکخستنی ئابووری خێزان کە گرنگترین پایەی کارایی ئابوورییە، تا ڕادەیەکی قبوولکراو پەیوەستە بە ژنانی خێزانەوە. لە قۆناغی یەکەمی دیسیپلینی ئابووریدا، دەستکاریکردنی ڕەفتاری بەکاربردن کارایی ئابووری خێزان باشتر دەکات داهێنان لە سرووشتی ژناندا دەبینرێت و ئەم توانایە لەگەڵ دایکایەتیدا دەگاتە لوتکە و داهێنان لەهەموو لایەنەکانی ژناندا سەرهەڵدەدات، بەم سیفەتانە دەتوانن ڕۆڵێکی گەورە بگێڕن لە کاری داهێنەرانەدا ژنانی کرێکار یارمەتی گەشەپێدانی ئابووری وڵاتێک دەدەن و هەمیشە لەو وڵاتانەدا کە ژنان زیاتر سەربەخۆن. وڵاتێکی پێشکەوتووە پیاوساڵاری و نایەکسانی ڕەگەزی کەمترە. و ژنان زیاتر متمانەیان بەخۆیان هەیە ئەوان زیاتر ماڵبات و منداڵی سەربەخۆ پەروەردە دەکەن سەرەڕای ئەوەی بازاڕی ژنان گەورەترین بەشە لە بازاڕی هەموو وڵاتێکدا، پرسی ژن و دەسەڵاتی ئابووری زۆر فراوان و ئاڵۆزە. کە بەشداریکردنی ئەو ژنانەی کە دەسەڵات و پۆتانسێلیان هەیە، ئەگەر ببێتە کردار، دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا، ئەو شێوازەی لە لێکۆڵینەوەکانی ئێستادا بەکارهاتووە، وەسفیی و شیکارییە، لەکتێبی جۆراوجۆر و ئینتەرنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنراوە

# بارودۆخی ئابووری و بەشداری ژنان لە بزووتنەوەی کوردستان

## ( شیکارییەکی سیاسیی-کۆمەڵایەتی)



ماریا وەیسی

**پوختە**

ژنانی کوردستان لە ڕۆژهەڵات لەنێوان ستەمی ئابووری، هەڵاواردنی جێندەری و سەرکوتکردن و ستەمی نەتەوەییدان. ئەم وتارە بە چەشنێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی، کاریگەریی داگیرکاری کوردستان، سیاسەتەکانی دەوڵەتەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، و ڕۆڵی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» لەسەر پێگەی ژنانی کورد لێک دەداتەوە و بەشدارییەکانیان لە بزووتنەوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا وەک وەڵامێک بە بارودۆخی ئابووری شی دەکاتەوە.
داتاکان نرخێکی بەرزی بێکاری، بەشدارییەکی کەمی ئابووری و زیانە کۆمەڵایەتییەکان پیشان دەدەن. ئامانج ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان بێدەرەتانی لە ئابووری، نایەکسانی جێندەری و چالاکیی سیاسیی ژنان ڕوون بکرێتەوە

**پێشەکی**

ڕۆژهەڵات، ناوچەیەکە بە ناسنامەیەکی کولتووری و مێژوویی دەوڵەمەند، کە ژێر دەسەڵاتی سیاسەتە ناوەندگەراکانی دەوڵەتە ناوەندییەکان بووە و ئەمەش بووەتە هۆی بەتاڵانبردن و بێبەشکردنی کوردستان لە ڕووی ئابووری. ژنانی کورد، وەک بەشێک لە کۆمەڵگە لە ژێر فشاری دووقاتدان لە ئاستی نەتەوەیی و جێندەریی، نەک تەنیا لەگەڵ هەژاری و بێکاری ڕۆبەڕوون، بەڵکو لە بزووتنەوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕۆڵێکی چالاکانەیان هەیە. ئەم وتارە بە بەکارهێنانی خوێندنەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتی، بارودۆخی ئابووری ژنانی ڕۆژهەڵات، ڕۆڵی دەوڵەت لە سەرکوتکردن، بەشداریی ژنان لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات و کاریگەریی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» شی دەکاتەوە
پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: بارودۆخی ئابووری چۆن کاریگەری لەسەر بەشداریی سیاسیی ژنانی کورد کردووە و ئەم چالاکییە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەیان هەبووە؟
لە ڕووی سیاسییەوە، ڕۆژهەڵات وەک وڵاتێکی داگیرکراو پێناسە دەکرێت؛ ناوچەیەک کە سەرچاوەکانی بەکاردەهێنرێن بەڵام پەرەپێدانی بەشێوەی مەبەستدار پشتگوێ خراوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە چەمکی «ستەمی دووقات» ئەوەمان پێدەڵێت کە ژنان، لە ڕووی ستەمی نەتەوەیی و جێندەری لەژێر گۆشاردان. بەشداریی ژنان لە بزووتنەوەکاندا لە چوارچێوەی تیئۆری «بەرگریکردنی» گیدنز دەکرێت شی بکرێتەوە کە ژنان وەک چالاکوانانی ئەکتیڤ لە ڕووی بنیاتنانەوەی ناسنامە و شوناس هێزیان کۆدەکەنەوە. لە ڕووی ئابوورییەوە، «پەراوێزبوون» هۆکاری ئەکت و عەزمی سیاسییە

**بارودۆخی ئابووری ڕۆژهەڵات:**

چوار پارێزگای ڕۆژهەڵات لە ڕووی ئابوورییەوە بێبەش و پراوێزخراوەن. نرخی بێکاری لە ڕۆژهەڵات لە نێوان ١٥ بۆ ٢٠ لەسەدە: سنە ٢٠،٥ لە سەد، کرماشان ١٥،٧ لە سەد، ورمێ ١٢،٤ لە سەد (هەتا ٢٠ لە سەد لە ڕۆژهەڵات)، و ئیلام ١١،٩ لە سەد (سەنتەری ئاماری ئێران، ١٤٠١). بەشداریی ئابوورییش کەمە: سنە ٣٦،٦ لە سەد، کرماشان ٣٧،٤ لە سەد، ورمێ ٣٨ لە سەد، و ئیلام ٣٥،٨ لە سەد، لە کاتێکدا نرخی گشتی ٤١ لە سەدە. بەشی پیشەسازی کەمتر لە ٧ لە سەد، و نرخی هەژاری لە سنە و کرماشاندا نزیکەی ٣٥ لە سەدە. ئەم بێبەشییە ژنان دەبێتە هۆی کار کردن لە شوێنە نافەرمی و مەترسیدارەکان. بارودۆخی ئابووری ژنان بەشداریی ئابووری ژنان لە ڕۆژهەڵات نێوان ٩ بۆ ١٢ لە سەدە: ورمێ ١١ لەسەد، سنە کەمتر لە ١٠ لە سەد، کرماشان ١٢ لە سەد، و ئیلام ٩ لە سەد، بە بەراورد بە نرخی گشتی کە ١٣،٣ لە سەدە. نرخی بێکاری ژنان دوو هێندەی پیاوانە: ٢٢ لە سەد لە ورمێ، ٣٠ لە سەد لە سنە (بە تایبەتی ژنانی خوێندەوار)، ٢٥ لە سەد لە کرماشان، و ٢٠ لە سەد لە ئیلام. ژنان زۆرجار لە کشتوکاڵ، قالیبافی، دەرزیکاری و کۆلبەریدا کاردەکەن. ژنانی سەرپەرستی خێزان (١١ بۆ ١٥ لە سەدی خێزانەکان) زۆربەیان کەمداهات یان نەخوێندەوارن، کە ئەمەش بە زیانەکانی وەک خۆکوشتن (٩٢ حاڵەت لە سنە، ٢٠٢١-٢٠٢٢) و توندوتیژی پەیوەندی هەیە
ڕۆڵی دەوڵەت لە پەراوێزخستنی کوردستان و کاریگەرییەکەی لەسەر ژنان
سەردەمی پەهلەوی: ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەگەڵ سەرکوتکردنی ناسنامەی کوردی (قەدەغەکردنی زمان، سەرکوتکردنی کۆماری کوردستان، سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن) پەیوەندیدار بووە. سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن (١٣١٤) لەگەڵ بنچینەی کولتووری ڕۆژهەڵات نامۆ بوو. کە ژنان لەم نێوانەدا زوڵمی زیاتریان لێدەکرا . کەمداهاتی و قەدەغەی ئابووری، ئاستی دەستراگەیشتن بە خوێندنی بۆ ژنان سنووردار دەکرد و هەروەها لەڕووی کار و پیشەدا ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی دادەنا.

**سەردەمی کۆماری ئیسلامی:**

لە فۆرمی ئیدیۆلۆژیای ئیسلامی شیعەدا سەرکوتکردنی بزاڤە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان درێژە پێدرا. هێرشی هێزی داگیرکەر (١٣٥٨)، سزادان و لەسێدارەدانی چالاکوانان و یاساکانی ئیسلامی ( وەک حیجابی زۆرەملێ، سیاسەتی فەرهەنگی) ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنانی قورستر دەکرد. دژیەکی مانادار لە نێوان ئیدۆلۆژی دەسەڵات و ژنان بە تۆندی درووست دەبوو کە ئەمڕۆ لە هێزە بزوێنەرەکانی خەبات لە کوردستان و ئێراندا، هێزی ژنانە
هەژاری و چەوسانەوەی کولتووری، ئاسەواری وەک خۆکوشتن و کۆلبەری لە ژنان دوو هێندە کردووە. لە هەردوو سەردەمدا، دەرئەنجامی سیاسەتەکانی دەسەڵات ئاکامی پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی ژنان لە فەزای گشتی بوو.

**بەشداریی ژنان لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات و پەیوەندییەکەی بە ئابوورییەوە:**

ژنانی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا، لەوانە لە کۆماری کوردستان (١٣٢٤-١٣٢٥) و خەباتی حزبە کوردییەکان لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧، ڕۆڵێکی چالاکانەیان



هەبووە. ئەم بەشدارییە ڕەگەکەی لە بارودۆخی ئابووری رۆژهەڵاتدایە.

پەراوێزی ئابووری: هەژاری و بێکاری (٣٠ لە سەدی ژنانی خوێندەوار بێکارن) ژنانی بۆ چالاکیی سیاسی هاندەدا کە بۆ داهاتووی باشتر تێبکۆشن. کۆلبەری و مردنی سەرپەرستی خێزانەکان، هاندەر و هۆکاری تری بەشداری ژنانە، کە لە بیری ڕەخنەگرانەی ژنان سەردەم بەنیسبەت دۆخی کۆمەڵگە هەیانە پێی گرتووە.

ڕێکخستن: ژنان لە حیزبە کوردییەکاندا وەک پێشمەرگە، مامۆستا و کادر چالاک بوون. لە ساڵانی ٦٠ و ٧٠، ئامادەبوونی ژنان لە هێزی پێشمەرگە بەرچاو بوو (نزیکەی ٢٠ لە سەدی هێزەکان لە هەندێک ڕاپۆرتدا)

خەباتی کولتووری: فێرکردنی زمانی کوردی و پاراستنی نەریتەکان لەلایەن ژنانەوە، بەشێک بووە لە خەبات دژ بە ستەمی کولتووری کە بە بارودۆخی ئابووری پەیوەندی هەیە؛ هەژاری، ژنانی ناچار کردووە ناسنامە وەک تەنیا سەرمایەی کۆمەڵایەتی بپارێزن. ئەم بەشدارییە، ئەگەرچی بەهێزکەر بوو، بەڵام نرخێکی وەک زیندان، سزادان و کۆچکردنی زۆرەملێی بەدواوە بووە. بارودۆخی ئابووری، بە تایبەتی نەبوونی دەرفەتەکانی کار، ژنان بۆ بزووتنەوە سیاسییەکان هانداوە تا دژ بە ستەمی نەتەوەیی و نایەکسانی جێندەری تێبکۆشن.

بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» ئەم بزووتنەوەیە لە ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ بە قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی دەستی پێکرد. دروشمی، ژن،ژیان،ئازادی کە رەگەکەی لە خەباتی ژنانی رۆژهەڵاتدایە، بوو بە نیشانەی خەبات دژ بە ستەمی جێندەری و سیاسی. ژنانی رۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتی کردنی خۆپیشاندانەکان، وەک بڕینی قژ و سوتاندنی لەچکەکان و بەشداری لە ناڕەزایەتی سەر شەقام، ناڕەزایەتیەکانیان لە رۆژهەڵاتەوە بۆ سەرانسەری ئێران و جیهان بڵاو کردەوە. سەرکوتکردنی توند (سەدان کوشتە و هەزاران دەستبەسەر) نەیتوانی ئەم بزووتنەوەیە بێدەنگ بکات. ئەم بزووتنەوەیە درێژەی بەشداریی سیاسی ژنانی کوردە کە بارودۆخی ئابووری (هەژاری و بێکاری) وەک کاتالیزۆر عەمەلی تێکردووە

## گفتوگۆ و شیکاری

بارودۆخی ژنانی کورد ئەنجامی تێکەڵەی ستەمی نەتەوەیی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە. نرخی بێکاری ٢٠ بۆ ٣٠ لە سەد و بەشداریی کەمی ٩ بۆ ١٢ لە سەد، ژنانی بۆ کارە مەترسیدارەکان و زیانەبەخشەکانی وەک خۆکوشتن هانداوە. داگیرکراوی کوردستان لەسەر لاوازیی گەشەی ئابووری و کولتووری پیاوسالاری لە کۆمەڵگە کاریگەری بەهێزی بووە. سەرەڕای ئەوە، بەشداری لە بزووتنەوەی کوردستان توانای ژنان بۆ گۆڕان پیشان دەدات. بارودۆخی ئابووری، بە دروستکردنی نائومێدی و گۆشارەکان، هاندەری چالاکیی سیاسی ژنان بووە، بەتایبەت بە گەشەی خوێندەواری لەنێو ژناندا، ئەمە دەتوانێت پێگەی ژنان لە خەبات پتەوتر کاتەوە.

ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ ستەمی ئابووری و سەرکوتکردنی چەندلایەنە ڕۆبەڕوون کە ڕەگەکەی لە داگیرکراوی کوردستان دایە و بەشدارییەکەیان لە بزووتنەوەی کوردستان، یەکێک لە وەڵامەکان بەم بارووەدۆخەیە کە هەژاری و بێکاری هۆکارەکەی بوون.

هەروەها دەبێت ئەوە بلێم لێرە هەوڵم ئەوە بوو باسێک لەسەر ستەمی ئابووری بکەم کە چۆن وەک هۆی بەشداری ژنان لە بزووتنەوەوکان ڕۆڵی هەیە بەڵام دەبێت ئاماژە بکەم کە؛ پرسی نەتەوەیی و خاک بۆ ژنانی کورد سەرەکیترین بزوێنەری خەبات دژی داگیرکاری کوردستانە و ناکرێت ژنان لەم مەسەلەیە پەڕاویز بخرێن لە ژێر ناو و فکریەتی جیاوازدا. هاوکاتیش ستەمی ئابووری و جێندەری هۆکاری بەهێزن بۆ هاندان و هۆی گۆڕانی بنەڕەتی لە دۆخی ژنان، بە تایبەت ژنانی خوێندەوار کە بە دوای ئامانج و هزری نوێ و داهێنانن. بۆ بەهێزکردنی ژنان، پەرەپێدانی ئابووری، کەمکردنەوەی جیاوازیی و نەمانی ستەمی نەتەوەیی و جێندری پشتگیری لە مافەکانیان پێویستە



کوێستان عومەرزادە

# هۆکاری سەرهەڵدانی هەشتی مارس




خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەدا و نەبوونی تەرازووی یەکسانیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لەهەمان کاتدا هەڵاواردنی جێندەری لە ڕیزبەندی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا یاخود ستەمی چینەکانی نێو کۆمەڵگە ئەوانە و کۆمەڵێ فاکتەریتر دەتوانی ببنە سووژەیەکی بەهێز بۆ دیاریکردنی یان سەرهەڵدانی ڕۆژێک بەناوی ڕۆژی هەشتی مارس

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و بەچاوێکی وردبینییەوە خەبات و تێکۆشانی ژنان لەونێوەدا بخەینەڕوو خەباتێک پڕ لە قوربانی و ستەم و ئازاردان لەگەڵ ئەوەشدا ژنان بۆ سەلماندنی خۆیان و تواناکانی خۆیان هیچکات دەستەوەژنۆ نەماونەوە سەرباری سەختی زۆر کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە بەردەوام بوون بۆ ستاندنی مافەکانیان، ژن و خەبات و بزووتنەوەی ژنان هەمیشە لەگۆڕوتیندا بووە سەرباری هەموو ئەو توندوتیژیانەی کە ڕووبەڕووی هەوڵ و تواناکانیان بۆتەوە ئەوان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان تێکۆشاون ڕێزگرتن لە هەشتی مارس ڕێزگرتنە لە خەباتی هەموو ئەو ژنانەی کە بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٨٥٧ لە کارگەی ڕستن و چنینی نیۆیۆرک هاتنە مەیدان بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسانی کارکردن لەگەڵ پیاوان، بۆیە ئەو ڕێکەوتە بووە مێژوویەکی گرینگ بۆ دەستپێکی هەوڵێکی تر بۆ یەکسانی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا

هەربۆیە خەباتی کارگەی ڕستن و چنینی ئەمەریکا وەک ڕوداوێکی مێژویی، مێژوی خەباتی ژنانی یەکسانیخواز دەستنیشان کرا وەک هەشتی مارس، هەوڵەکان یاخود داواکاریەکانی ژنان هەموو ئەو داوا سەرەتایانە بوون کە لە ڕۆژانە هەستیان بە نەبوونیان دەکرد وەک سەرەتاترین ماف کە بتوانن ئەوانیش موچەی تەواو، هەلومەرجی نالەباری کار، دەوامی یەکسانیان، وەک پیاوان بێت. داواکانی ئەوان لە چوارچێوەی ئەو مافانەدا بوون کە دەیاندا بە پیاوانی کرێکار و ئەوان لێی بێبەش بوون بەڵام کاربەدەستانی ئەو کارگەیە ئەو ڕەوشەیان لا پەسند نەبوو. واتە کرێکارانی ناڕازی ژن لەو نێوەدا دەست بۆ میکانیزمێکی نامرۆیی دەبەن و بۆ سەرکوتی ئەو مانگرتنە هەوڵی توندوتیژی و دەستبەسەرکردنی ژنانی کرێکار دەدەن و ئاگر بەردەدەنە کارگەکە و لە ئەنجامدا زیاتر لە١٠٠ ژنی کرێکار بوونە قوربانی

هەر دوابەدوای ئەو هەڵوێستە نامرۆیانە دەسەڵاتدارانی ئەو کارگەیە، ساڵی ١٩١١ لە وڵاتانی وەک دانمارک، نەمسا، ئەڵمانیا، سویسرا، ئەمەریکا، یەکەم دانیشتن بەڕێوەدەچێ و لەو دانیشتنەدا باس لە مافە سەرەتاییەکانی ژنان هاتە بەرباس و تاوتوێ کران. لەوانەش پشتیوانی لە ژنانی کرێکار کرا و بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردن و مافی دەنگدان، مووچەی یەکسان، کاتەکانی دەوامکردن هەروەکو پیاوان. هەر دوای ئەو دانیشتنانە و بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕازی ژنان و خۆپیشاندانەکان، لە ساڵی١٩٧٨ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان هەشتی مارس بەفەرمی وەک ڕۆژی ژنان پەسند کرا کە هۆکارەکەشی گەڕانەوە بۆ ئەو ڕووداوە مێژووییە بوو کە لە ساڵی١٨٥٦ لە ئەمەریکادا ڕووی دابوو



**هەر دوابەدوای ئەو هەڵوێستە نامرۆیانە دەسەڵاتدارانی ئەو کارگەیە، ساڵی ١٩١١ لە وڵاتانی وەک دانمارک، نەمسا، ئەڵمانیا، سویسرا، ئەمەریکا، یەکەم دانیشتن بەڕێوەدەچێ و لەو دانیشتنەدا باس لە مافە سەرەتاییەکانی ژنان هاتە بەرباس و تاوتوێ کران. لەوانەش پشتیوانی لە ژنانی کرێکار کرا و بەشداریی ژنان لە هەڵبژادن و مافی دەنگدان، مووچەی یەکسان، کاتەکانی دەوامکردن هەروەکو پیاوان**

دیارە بە هۆی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی و تێکچونی ئابووری خەڵک، ساڵانە ژنانێکی زۆر منداڵەکانیان بەشێوەی نایاسایی لەبار دەبرد کە بەهۆی ئەو ڕەوشە ناهەموارەی ئابووری نەیاندەتوانی منداڵەکانیان بەخێو بکەن پەنایان بۆ لەبار بردن دەبرد. ئەوکات بەداخەوە هیچ چاودێریەکی تەندروستی نەبوو هەر لە وڵاتی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٣١ ڕیژەی زۆر واتە ٤٤٠٠ ژن بوونە قوربانی چونکە بەداخەوە نەیاندەتوانی منداڵەکانیان بەخێو بکەن هانایان بۆ لەباربردنی نایاسایی دەبرد. دوای هاتنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر لە ئەڵمانیا هەموو ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە قەدەغە کران کە باسیان لە ماف و یەکسانی کۆمەڵگە دەکرد. پاش ماوەیەک و دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ یەکەم جار لە وڵاتانی ئەورووپی ئەو ڕۆژە واتە ٨ی مارس لە ساڵی ١٩٤٠ بەرز ڕاگیرا. لەو کاتەوە هەموو ساڵێ یادی هەشتی مارس لە زۆربەی وڵاتان بەڕێوە دەچێت و یادی دەکرێتەوە هەم بۆ ڕیزگرتن لە قوربانیانی ئەو کارەساتە هەمیش بۆ ڕیزگرتن لەو دەسکەوتانە.

هەرچەندە بەدەست هێنانی مافی ژنان بەتایبەتی سەرەتاییترین مافیان ئێستاش لە زۆر شوێن و وڵات بەهۆی نۆرم و بەها کولتووری و مەزهەبییەکان تەواو جێگیر نەبووە یان بەهۆی یاساگەلێکی پیاوسالاری کە ڕێگرن لە هەنگاونان بۆ چاکسازیی و ڕیفۆرم نەتوانراوە ئەو ڕەوتە بەرەوپێش بچێت بەڵام ژنان سەرباری ئەوەیکە ڕۆژانە چ لە کۆمەڵگە و چ لە ماڵەوە چ لە شوێنە گشتییەکان ڕووبەڕووی هەڵاواردن و توندوتیژی دەبنەوە بەڵام هەوڵەکانی ئەوان بۆ دابینکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و مافە ئینسانییەکانیان و کەمکردنەوەی ستەم بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشاندان و تەسلیمی هێرش و هەڕەشە و یاسا و ڕێسایەک نابن کە ئاکامەکەی چەوساندنەوەی ئەوان بێت

جێی ئاماژەیە ئەوەمان لەبیر بێت ڕۆژی هەشتی مارس واتە پەیمان نوێکردنەوە و خۆسازدانەوە و توندوتۆڵ کردنەوەی خەباتی ژنان! نەک بەلاڕێدابردن یان هەڵسەنگاندنی نادروست. لەگەڵ ئەوەدا کە چەند دەیە بەسەر مێژووی تێکۆشانی ژنان دژی نایەکسانی تێدەپەڕێ بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هێشتا ژنان بەخراپترین شێوە دەچەوسێنەوە و مامەڵەی ناتەندرستیان لەگەڵدا دەکرێت. خەبات بۆ بەشداری ژنان لە بەڕێوەبەری و بوونی ڕێژەی ژنان لە شوێنی بریاردانی گشتیی بووەتە خاڵێکی گرینگ لە خەباتی ئەمڕۆیی ژناندا

سەرکەوێ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان و پیاوان، نەمان بۆ هەڵاواردنی ڕەگەزی، تواناکانی ژنان دەبێ ببێتە سەرمەشقی هەوڵەکانمان بۆ دابین کردنی مافی یەکسان .پیرۆبی هەشتی مارس، بەهیوای کۆمەڵگەیەکی تەندروست و یەکسان.

# ئابووری بەردەوام بە بەشداری یەکسانی ژنان

زیبا بختیاری
وەرگێران: فاتمە مەلەکی

کاتێک گوێت لە وشەی «گەشەپێدانی بەردەوام» دەبێت، بیر لە چی دەکەیتەوە؟ زۆرێک بیر لە دارستانە گەشاوە و وزەی نوێبووەوە و ئاسمانی شین و روون دەکەنەوە بەڵام بەردەوامیی شتێک ئەولاتری پاراستنی ژینگەیە. ئەمەش بەو مانایەیە کە هەموو مرۆڤەکانی جیهان بە نەوەکانی داهاتووشەوە هاوسۆزی یەکترن. ئەم چەمکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئێمە تەنیا یەک هەسارەمان هەیە کە سەرچاوەکەی سنووردارە و هەمووان سوودمەندن لە پاراستنی چەمکی «گەشەپێدانی سەقامگیر» بۆ یەکەمجار لە راپۆرتی «داهاتووی هاوبەشی ئێمە» لە ساڵی ١٩٨٧دا هاتووەتەئاراوە. راپۆرتەکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاو کراوەتەوە و بەسەرپەرشتی گرۆ هارلیم بروندتلاند سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی نۆرویژ ئامادە کراوە. بۆیە زۆربەی جار ئەم راپۆرتە بە کۆمیسیۆنی بروندتلاند ناسراوە

١-رەهەندەکانی گەشەپێدانی سەقامگیر

بۆ بەدەستهێنانی گەشەسەندنی سەقامگیر، پێویستە کۆمەڵگەی جیهانی لە سێ بواردا مامەڵە بکات:
ئەلف- ژینگە و کەشوهەوا
ب-ئابووری ج-پرسە کۆمەڵایەتییەکان

کاتێک باس لە گەشەپێدانی بەردەوام دەکرێت گەشەپێدانی سەقامگیر پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە پێویستی بەهاوسەنگی هەیەو جەخت لەسەر بەردەوامیی لە هەموو رەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان دەکرێتەوە. پێیان وایە بەبێ دروستکردنی هاوسەنگی لەم سێ بوارەدا، گەشەسەندنی بەردەوام ناتوانرێت بەدی بهێنرێت. بۆ گەیشتن بە گەشەپێدان دەتوانرێت وەک سیستمێک هەژمار بکرێت کە توخمە سەرەکییەکانی بریتین لە: خەڵک، سەرچاوەکان،زەوی تێکەڵکردنی ئەم توخمانە پێکەوە، لە شێوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژینگەیی گونجاودا، دەبێتە هۆی گەشەسەندن کە تێیدا لە رێگەی بەکارهێنانی دروستی دەرفەتەکان و دابەشکردنی یەکسانی سەرچاوەکان، بەشداریکردنی هەموو چین و توێژەکانی دانیشتووان مومکین دەبێت

سەرکردەکانی جیهان پێیان وایە ئابووری و نایەکسانی و ژینگە کاریگەریی قووڵتریان لەسەر یەکتر هەیە لەوەی پێشتر بیری لێدەکرایەوە. ناتوانین بەردەوام بین لە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی هەسارەکەمان بۆیە پێویستە رێگەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بژین بەبێ ئەوەی زیان بە ژینگە بگەیەنین و سەرچاوەکانی زەوی بەشێوەیەکی بەردەوام بەکاربهێنین. هەروەها پێویستە چارەسەری باشتر بۆ گەشەپێدانی بەردەوام بدۆزینەوە کە سوود بە مرۆڤ و ژینگە بگەیەنێت

ئاشکرایە ئێمە وابەستەی سرووشت و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژینگە و ژیانی مرۆڤ هەیە. دەردانی گازی گەرمخانەیی، گۆڕانکاری لە هاوسەنگی گەرمی زەریاکان و بەرگەهەوا، هۆکاری لەنێوچوونی هەمیشەیی جۆرەکانی ئاژەڵە. ئەم دۆخە وامان لێدەکات بەرەورووی کارەساتی سرووشتی ببینەوە و بژێوی ژیانمان دەخاتە مەترسییەوە کە دواجار دەتوانێت ببێتە هۆی نائارامی و ململانێ لەسەر دەستڕاگەیشتن بە سامانە سرووشتییەکان. بۆ وەستاندنی گۆڕانی کەشوهەوا و بەشداریکردن لە گەشەپێدانی بەردەوام، وڵاتانی جیهان دەبێت زیاتر وەبەرهێنان لە سەرچاوە نوێبووەکانی وەک وزەی ئاو، با و وزەی خۆردا بکەن. لە ساڵی ٢٠١٥ هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتنە رێککەوتنێکی کەش و هەوا کە بە رێککەوتنی پاریس ناسراوە. ئەم رێککەوتنە کە لە پاریس واژۆ کراوە، بە برگەیەکی مێژوویی لە بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا دادەنرێت. ئەمە یەکەم رێککەوتنی کەش و هەوای یاسایی پابەندکەرە کە پێویستی بە بەشداری راستەقینەی هەموو وڵاتان هەیە. بە پێی ئەم رێککەوتنە هەر وڵاتێک دەبێت هەر پێنج ساڵ جارێک راپۆرت لە سەر کردەوە و پێشکەوتنەکانی کەش و هەوایە

کەلێنی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان بەخێرایی گەشە دەکات و ئەگەر ئەم رەوتە بەردەوام بێت، رەنگە بەشێک لە گەنجان – کە نوێنەرایەتی نیوەی دانیشتووانی جیهان دەکەن – بەهۆی هەژارییەوە بەرەو ململانێ و تەنانەت شەڕەکانیش رابکێشرێن. بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و بەردەوام و دادپەروەر، زۆر گرینگە هەموو مرۆڤەکان دەستیان بە ئاو و خۆراک و خانووبەرە و پاک وخاوێنی و پەروەردە بگات. کەرتی کۆمەڵایەتی دەبێت دڵنیا بێت لەوەی هەموو مرۆڤەکان چێژ لە ژیانێکی شایستە و دادپەروەرانە وەربگرن؛ ئەمەش بریتییە لە پێشکەشکردنی پەروەردە، دامەزراندن، یەکسانی جێندەری، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان و خزمەتگوزاری تەندروستی گونجاو

بۆ گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئابوورییەکی بەردەوامیش پێویستە. یەکێک لە پێوەرە گرینگەکان بۆ پێوانەکردنی پلەی گەشەی وڵاتێک، ئەو گرنگی و شکۆیەیە کە ژنان لەو وڵاتەدا هەیانە. چونکە لە پێناو گەیشتن بە گەشەساندنی کۆمەڵایەتی و خێراترکردنی پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووری و پاراستنی ژینگە و بەدیهێنانی دادپەروەری و کۆمەڵایەتی، ئەگەر ژنان وەک هێزێکی کارا و بنیاتنەر لە کۆمەڵگەدا تەماشا نەکرێن، بەدڵنیاییەوە کاریگەری



گەورەی دەبێت لەسەر پرۆسەی گەشەسەندنی بەردەوام و زیادبوونی چەندایەتی و چۆنایەتی لە سەرچاوە مرۆییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا. ڕۆڵی ژنان لە گەشەپێداندا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەیە. بۆیە بەشداری نیوەی دانیشتووانی جیهان لە پڕۆسەی گەشەپێدان بە پێویستی دادەنرێت. لەم دەیانساڵەی دواییدا هەوڵی زۆر لە سەرانسەری جیهاندا دەستی پێکردووە بۆ قەرەبووکردنەوەی پشتگوێخستنی مێژوویی ڕۆڵی ژنان لە گەشەپێداندا بەڵام ژنان هێشتا ڕووبەڕووی بەربەست و سنووردار دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکان و هەلی کار و مافی یەکسان. پێویستە گەشەسەندنی بەردەوام بەرەو چارەسەرکردنی ئەم نایەکسانیانە هەنگاو بنێت و گرنگییەکی تایبەت بە بەهێزکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژنان وەک فاکتەری سەرەکی بدرێت. گەشەپێدانی بەردەوام، وەک پرۆسەیەکی سیستماتیک، پێویستی بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. لەم ڕووەوە ژنان دەتوانن ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕن لە ڕەهەندە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی گەشەکردندا، لەوانە ڕەهەندی ئابووری وەک بەشێکی گەورەی هێزی کاری جیهانی، ژنان بەشدارییەکی زۆریان لە بەرهەمهێنان و گەشەی ئابووریدا هەیە. بەپێی ئامارەکان، ژنان لەسەدا ٧٦ی کاتی کارکردنی جیهان ئیشدەکەن بەڵام تەنیا لەسەدا ١١ی داهاتی جیهانی بەدەست دەهێنن. ئەم نایەکسانییە بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە بۆ بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابووریی بەردەوام دەبێت هەلی کارێکی یەکسان بۆ ژنان بڕەخسێنرێت و هەقدەستی یەکسان بە پیاوان بدرێت ڕەهەندێکی دیکە کە ژن دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاوی تێدا بگێڕێت، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە. ئافرەتان ڕۆڵێکی حاشاهەڵنەگر لە کۆمەڵگەدا دەگێڕن کە کاریگەرییەکانیان لە ئەرکە نێوخۆییەکان زیاترە. وەک دایک و مامۆستا و سەرکردەی کۆمەڵگە، کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر داڕشتنی کۆمەڵگە هەیە. بەشداری کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنان بناغە دیموکراسیەکان بەهێز دەکات

و ئاستی خوێندن بەرز دەکاتەوە و تەندروستی کۆمەڵگە باشتر دەکات. هەروەها بەشداری ژنان لە بڕیاردانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە داڕشتنی سیاسەتی دادپەروەرانەتر و هەمەلایەنەتر

٢-ژنان و بەڕێوەبردنی سامانە سرووشتییەکان

هەروەها ژنان دەتوانن لە ڕوانگەی ژینگەییەوە بەرهەمدار بن. ژنان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە بەڕێوەبردنی سامانە سرووشتییەکان و کشتوکاڵدا، بەتایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژنان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە باشترکردنی ئاسایشی خۆراک و کەمکردنەوەی هەژاریی. لەم ڕووەوە نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزیی لەم کەرتانەدا نەک

**ژنان هێشتا ڕووبەڕووی بەربەستی جددی دەبنەوە بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدانی بەردەوامدا چونکە هەتا ئێستاش بەهۆی هۆکارەکانی وەک هەڵاواردنی پێکهاتەیی لە زۆرێک لە وڵاتان بێبەشن لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و دامەزراندن و سەرچاوە دارایییەکان. ئەم نایەکسانیانە دەبێت لە ڕێگەی چاکسازی یاسایی و کولتوورییەوە چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بە یەکسانی لە پرۆسەی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن.**

هەر بەرهەمی ئابووریی زیاد دەکات بەڵکو بەشدارە لە گەشەسەندنی بەردەوام لەبوارەکانی ژینگەیی و کۆمەڵایەتییدا. بەداخەوە تەحەددیات و ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان لەو بوارانەدا زۆرن سەرەڕای هەوڵی نێودەوڵەتی بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانیی جێندەری،

ژنان هێشتا ڕووبەڕووی بەربەستی جددی دەبنەوە بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدانی بەردەوامدا چونکە هەتا ئێستاش بەهۆی هۆکارەکانی وەک هەڵاواردنی پێکهاتەیی لە زۆرێک لە وڵاتان بێبەشن لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و دامەزراندن و سەرچاوە دارایییەکان. ئەم نایەکسانیانە دەبێت لە ڕێگەی چاکسازی یاسایی و کولتوورییەوە چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بە یەکسانی لە پرۆسەی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن

زۆربەی کارەکانی نێوماڵ کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ژنانەوە ئەنجام دەدرێن، نەک هەر پشتگوێ دەخرێن بەڵکو لە ئاماری ئابووریشدا هەژمار ناکرێت. ئەمەش وادەکات بەشداریی ڕاستەقینەی ژنان لە ئابووری جیهانیدا کەمتر لەوەی کە هەیە دەربکەوێت و وایان لێدەکات وەک بوونەوەرێکی بەکاربەر دەربکەون

٣-مووچەی ئافرەتان

سەرەڕای ئەوەی ژنان لە زۆرێک لە پیشەسازی و کەرتەکاندا کاردەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی مووچەکانیان لەئاست پیاوان کەمترە. ئەم نایەکسانییانە بەتایبەتی لە کارە مەترسیدارەکان یان کەم مووچەکاندا دیارە و بەربەستێک لە بەردەم سەربەخۆیی ئابووری ژنان پێک دەهێنن

٤. ئامادەنەبوون لە پۆستی بەڕێوەبردن و بڕیاردان:

ژنان لە زۆرێک لە وڵاتان دەستیان ناگات بە پۆستی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی لە دامەزراوە حکوومی و تایبەتەکاندا. ئەم نەبوونی ئامادەیی ژنان لە پرۆسەکانی بڕیاردان دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیاسەت و بەرنامەکانی گەشەپێدان کەمتر گرنگی بە پێداویستییە تایبەتەکانی ژنان بدەن

## گرینگی سەربەخۆیی ئابووری ژنان

سەربەخۆیی ئابووری ژنان یەکێکە لە پایەکانی گەشەسەندنی بەردەوام. بەهێزکردنی ئابوری ژنان نەک هەر مافەکانیان دەستەبەر دەکات بەڵکو بەشدارە لە گەشەساندنی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا. بە دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ دامەزراندن، دەستڕاگەیشتن

بە سەرچاوە دارایییەکان و خوێندن، ژنان دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە پرۆسەکانی ئابووریدا بکەن

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە ئەو وڵاتانەی کەلێنی جێندەرییان کەمترە لە بازاڕی کاردا گەشەی ئابوورییان بەرزترە. سەرەڕای ئەوەش، نەهێشتنی نایەکسانی جێندەری لەکەرتەکانی کشتوکاڵ وسەرچاوە سرووشتییەکان دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە زیادکردنی بەرهەمی نێوخۆیی جیهانی بەبڕی یەک تریلیۆن دۆلار و دەرهێنانی ملیۆنان کەس لە هەژاری

**گەیشتن بەگەشەپێدانی سەقامگیر تەنیا لە حاڵەتێکدا دەکرێت کە هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ژنان، چالاکانە بەشداری تێدا بکەن. ڕۆڵی ژنان لە گەیشتن بە گەشەسەندنی بەردەوام گرنگییەکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لە ڕەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکاندا. بۆیە پێویستە بەهێزکردنی ئابوری ژنان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەو بوارانەدا، وەک یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی گەشەسەندنی بەردەوام، لە سیاسەت و بەرنامە جیهانی و نیشتمانییەکاندا جێگیر بکرێت.**

ستراتیژییەکان بۆ بەهێزکردنی بەشداری ژنان

بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە گەشەپێدانی سەقامگیردا بکەن، پێویستە چەندین هەنگاوی سەرەکی بگرێتەبەر کە لێرەدا ئاماژەیەکی پێدەکەین

ئەلف-چاکسازیی یاسایی

دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسای دژە هەڵاواردن بەتایبەتی لە بوارەکانی



دامەزراندن، پەروەردە و مافە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە کەمکردنەوەی جیاوازیی ڕەگەزیی و پێشخستنی مافەکانی ژنان

ب-بەهێزکردنی ئابووری ئافرەتان:
پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ ڕەخساندنی هەلی کاریکی یەکسان بۆ ژنان و باشترکردنی مووچە و پێشخستنی دەستڕاگەیشتنیان بە سەرچاوە داراییەکان و خوێندن

ج-پاڵپشتی بۆ ژنانی خاوەنکار
پێویستە حکوومەتەکان یارمەتی ژنان بدەن لە دەستپێکردن و فراوانکردنی کارەکانیان لە ڕێگەی بەرنامەکانی پشتیوانی و ئاسانکاری دارایی و ئامۆژگارییەوە

د-بەهێزکردنی ژنان لە سیاسەت و سەرکردایەتیدا:
پێویستە بەشداری ژنان لە پۆستەکانی بەڕێوەبردن و بڕیاردانی گەورەدا بەشێوەیەکی کاریگەر بەهێز بکرێت بۆ ئەوەی سیاسەت و بەرنامە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ژنان و یەکسانی جێندەری دابڕێژرێت

ه. بەرەنگاربوونەوەی چەشنە ڕەگەزییە چەقبەستووەکان
گۆڕینی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە ڕۆڵی ژنان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆیان لە هەموو کایە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا زۆر گرینگە
گەیشتن بەگەشەپێدانی سەقامگیر تەنیا لە حاڵەتێکدا دەکرێت کە هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ژنان، چالاکانە بەشداری تێدا بکەن. ڕۆڵی ژنان لە گەیشتن بە گەشەسەندنی بەردەوام گرنگییەکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لە ڕەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکاندا. بۆیە پێویستە بەهێزکردنی ئابوری ژنان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەو بوارانەدا، وەک یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی گەشەسەندنی بەردەوام، لە سیاسەت و بەرنامە جیهانی و نیشتمانییەکاندا جێگیر بکرێت. ئەمەش تەنیا سوودی بۆ ژنان نابێت بەڵکو سوودی بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆیی دەبێت و بەشداری دەکات لە گەشەپێدانی دادپەروەرانەتر و بەردەوام و سەرکەوتووتر

سەرچاوەکان

١. نەتەوە یەکگرتووەکان (UN). (٢٠٢٣). ڕاپۆرتی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام. لە: https://unstats.un.org/sdgs/report وەرگیراوە
٢. بانکی جیهانی. (٢٠٢٢). ڕاپۆرتی ژنان و بازرگانی و یاسا. لە: https://wbl.worldbank.org وەرگیراوە
٣. بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP). (٢٠٢١). جێندەر و گەشەپێدانی بەردەوام: زۆرترین ڕۆڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی ژنان. لە: https://www.undp.org وەرگیراوە
٤. ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (FAO). (٢٠٢٠). ڕۆڵی ژنان لە کشتوکاڵ و گەشەپێدانی گوندەکاندا. لە: https://www.fao.org وەرگیراوە
٥. ڕاپۆرتی کۆڕبەندی ئابووری جیهانی (WEF). (٢٠٢٣). ڕاپۆرتی جیهانی بۆشایی جێندەر. لە: https://www.weforum.org/reports وەرگیراوە
٦. یونسکۆ. (٢٠٢٢). پەروەردە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام: بەهێزکردنی ژنان

# «ئابووری و ژنان، و چەڵێنجەکانی سەدەی بیست و یەک»

دیاکۆ شەفیعی
وەرگێڕان: سەرگوڵ ئیبراهیم نژاد



لە سەدەی بیست و یەکەمدا یەکسانی ئابووری ژنان بووەتە یەکێک لە گرنگترین پرسەکانی گەشەپێدانی جیهانی. سەرەڕای پێشکەوتنەکانی مافی ژنان و بەشداریکردنیان لە ئابووری جیهانیدا، بەربەستی زۆریش لەبەردەم گەیشتن بە یەکسانی جێندەریدا هەیە. ئەم ئاستەنگانە ڕەگ و ڕیشەی لە پێکهاتە ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە نەک تەنیا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا، بەڵکو لە وڵاتانی پێشکەوتوویشدا. بە گشتی گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان لە ئابووریدا بریتین لە هەلی کار، دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان، دەرفەتی دیجیتاڵی و نەبوونی دەرفەتی یەکسان لە بازاڕی کاردا

کەمئەندامی یەکێکە لە نموونە بەرجەستەکراوەکانی نایەکسانی ئابووری کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لە سەرانسەری جیهاندا. بەپێی ڕاپۆرتی جیهانی جیاوازی جێندەر لە ساڵی ٢٠٢٣، ژنان بە تێکڕا تەنها لەسەدا ٧٧ی ئەو مووچەیە بەدەستدەهێنن کە پیاوان لە پۆستە هاوشێوەکاندا بەدەستی دەهێنن. ئەم پێشکەوتنە لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا و ئەندازیاری و بەڕێوەبردن و چەندین بواری دیکەدا دەرکەوتووە. ئەمەش نەک تەنها کاریگەری لەسەر بژێوی ژنان هەیە، بەڵکو ڕێگری لە پێشکەوتنی پیشەی ژنانیش دەکات. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە ئەم زیادبوونی گەشەکردنە دەتوانێت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئابووری جیهانی هەبێت. بەپێی هەمان ڕاپۆرت، نایەکسانی جێندەری لە بازاڕی کاردا دەتوانێت بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی بە ڕێژەی ٢٦٪ زیاد بکات

چاڵنجێکی تری گرنگ دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکانی ژنانە. لە زۆرێک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا ژنان بێبەشن لە خزمەتگوزاری بانکی و قەرز. بەگوێرەی ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتی، تەنها لەسەدا ٣٧ی ژنان لەو وڵاتانەدا هەژماری بانکییان هەیە، لەکاتێکدا لەسەدا ٤٦ی پیاوان هەژماری بانکییان هەیە. ئەم سنووردارکردنانە ڕێگری دەکەن لە دروستکردن و فراوانکردنی کارەکانی ژنان و سنووردارکردنی دەرفەتە ئابوورییەکانیان. گرنگیدان بە سەرچاوە داراییەکان نەک هەر وەک ئامرازێکی ئابووری گرنگە، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان گرنگە

جگە لەوەش پچڕانی دیجیتاڵی بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم بەشداری ئابووری ژنان. لە جیهانێکدا کە تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەشەسەندنی ئابووریدا، دەتوانرێت سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و ئینتەرنێت لەلایەن ژنانەوە بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نایەکسانی هەژمار بکرێت. بەپێی ڕاپۆرتێکی یەکیەتیی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکان (ITU)، تا ساڵی ٢٠٠٢٢ ژنان بە ڕێژەی١٧لەسەد کەمتر لە ئینتەرنێت دەترسن بە بەراورد بە پیاوان. ئەم سنووردارکردنانە لە ناوچە گوندنشینەکان و وڵاتانی کەم داهات توندترن و ژنان لە هەلی کاری ئۆنلاین و ڕاهێنانی تەکنیکی و بەرکەوتن بە بازاڕە

جیهانییەکان بێبەش دەکەن. بە هەمان شێوە پشکی ژنان لە کارە تەکنیکییەکان تەنیا لەسەدا ٢٥ـە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی بەرفراوان لە یەکێک لە کەرتە گرنگەکانی داهاتووی ئابووریدا

سەرەڕای ئەم چاڵنجانە، بەڵگە هەیە کە بوونی ژنان لە ئابووریدا دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەی ئابووری هەبێت. وڵاتانی باکووری ئەورووپا وەک سوید، نەرویژ، فینلاند نموونەی سەرکەوتوون لەم ڕووەوە. ئەم وڵاتانە بە جێبەجێکردنی سیاسەتی پشتیوان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان لەدەستداوە. ئەم ئەزمونە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەهێزکردنی ژنان تەنها بۆ قازانجی خۆیان نییە، بەڵکو بۆ قازانجی کۆمەڵگە و ئابووری خێڵەکیشە. بە هەمان شێوە توێژینەوەکانی کۆمپانیای مەکینزی و کۆمپانیای مەکینزی دەریدەخەن کە ئەو کۆمپانیایانە کە تا لەسەدا ٣٠ی تیمەکانی بەڕێوەبردنیان لە ژنان پێکهاتووە، بە تێکڕا لەسەدا ١٥ قازانجیان زیاترە ڕواندا نموونەیەکی ئیلهامبەخشە بۆ بەهێزکردنی ئابووری ژنان. دوای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی یەکسانی جێندەری، وڵات شایەتی زیادبوونی بەردەوامی بەشداری ژنان لە کایە سیاسی و ئابوورییەکان بووە. ئەزمونی ڕواندا ئەوە دەردەخات کە بە دروستکردنی چاکسازیی پێکهاتەیی و سیاسەتی پاڵپشت، ئاستەنگەکانی بەردەم مافەکانی ژنان لاببرێن و دەرفەتی یەکسانیان بۆ دروست بکرێت. سەرەڕای ئەمەش هێشتا کەلێنێکی دوور و درێژ لە گەیشتن بە یەکسانی جێندەری تەواو لە سیاسەتی جیهانیدا هەیە. بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان، تا ساڵی ٢٠٠٢٣ تەنها ٢٥.٥لەسەدی پەرلەمانتارانی جیهان ژن دەبن. ئەم ئامارانە ئاماژەن بۆ پێشکەوتنی ڕێژەیی لە بەشداری ژنان لە سیاسەتی جیهانیدا، بەڵام بۆشاییەکی بەرفراوان لە یەکسانی جێندەریشدا هەیە

سەرەڕای هەوڵە جیهانییەکان بۆ زیادکردنی بەشداریی ژنان لە گۆڕەپانەکانی سیاسیدا، بەڵام ئەم



**دوای جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی یەکسانی جێندەری، وڵات شایەتی زیادبوونی بەردەوامی بەشداری ژنان لە کایە سیاسی و ئابوورییەکان بووە. ئەزمونی ڕواندا ئەوە دەردەخات کە بە دروستکردنی چاکسازیی پێکهاتەیی و سیاسەتی پاڵپشت، ئاستەنگەکانی بەردەم مافەکانی ژنان لاببرێن و دەرفەتی یەکسانیان بۆ دروست بکرێت. سەرەڕای ئەمەش هێشتا کەلێنێکی دوور و درێژ لە گەیشتن بە یەکسانی جێندەری تەواو لە سیاسەتی جیهانیدا هەیە.**

ژمارانە نیشان دەدەن کە هێشتا کۆمەڵێک بەربەستی کولتووری، کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیی لەبەردەم دەستڕاگەیشتن بە ژنان بە سەرکردایەتی و نوێنەرایەتیی سیاسیدا هەن. ژان

بەهێزکردنی ژنان لە ئابووریدا پێویستی بە ڕێوشوێنی فرەلایەنە هەیە. چاکسازییە یاساییەکان کە یەکسانی جێندەری مسۆگەر دەکەن، سەرەڕای دەستڕاگەیشتن بە ڕاهێنانی پیشەیی و کارگێڕی ژنان، و پەرەپێدانی ژێرخانی دیجیتاڵی، کەم دەستپێشخەرییەکن کە بتوانن یارمەتیدەر بن لە داخستنی بۆشاییەکانی ئێستا. پێشخستنی ژنانی خاوەنکار، پێشکەشکردنی خولی ڕاهێنان و پشتیوانی، و بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان لە بڕیاردانی ئابووریدا دەتوانێت کاریگەری درێژخایەن لەسەر بەشداری ئابوورییان هەبێت

ئەزموونەکان دەریانخستووە کە پشتگیریکردنی ژنان لە گۆڕەپانی ئابووریدا نەک هەر ئەرێنییە بۆ بارودۆخی ژیانیان، بەڵکو کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر کۆمەڵگە و ئابووری جیهانی هەیە. بەشداریکردنی یەکسانی ژنان و پیاوان لە هەموو ڕەهەندە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ پێشخستنی گەشەپێدان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر زۆر پێویستە. ئەم فەرمانە تەنیا لە ڕێگەی پابەندبوونێکی فراوانی حکومەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کەرتی تایبەت بە گەیشتن بە یەکسانی جێندەری بەدەست دێت

لە کۆتاییدا بەهێزکردنی ژنان و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆیان نەک هەر یارمەتی دۆخی ژنان دەدات، بەڵکو بناغەکانی ئابووری جیهانی بەهێزتر دەکات

# بەهێزبوونی ژنان لە بواری ئابووریی و کاریگەریی لەسەر ژیانیان

توێژەر: باوکی ئەوین

پوختە

خۆبژێوی ئابووری ژنان، وەک یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی گەشەسەندنی مرۆیی و کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە بەرەوپێشبردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی کوالیتی ژیانیان. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەری خۆبژێوی ئابووری ژنان لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان لە ئێران دەکۆڵێتەوە، بەگرینگیدانێکی تایبەت بەناوچەی کوردستانی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە داتای ئاماری هەنووکە و شیکردنەوەی ڕۆڵی ژنان لە چالاکییە ئابوورییەکان، ئەم لێکۆڵینەوەیە نیشان دەدات کە خۆبژێوی ئابووری نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی سەربەخۆیی دارایی ژنان، بەڵکو دەبێتە هۆی بەشداری کردنیان لە بڕیاردانی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی نایەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی. دەرەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کوردستانی ئێران سەرەڕای بەربەستە فەرهەنگی و ئابوورییەکانی، ژنان بە گەیشتن بە خۆبژێوی ئابووری توانیویانە کاریگەری ئەرێنی لەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتەکانیان هەبێت

وشەی سەرەکی: خۆبژێوی ئابووری، گەشەپێدانی مرۆیی، سەربەخۆیی دارایی

## پێشەکی

ژنان وەک نیوەی دانیشتوانی هەر کۆمەڵگەیەک ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. خۆبژێوی ئابووری کە ئاماژەیە بۆ توانای ژنان بۆ دابینکردنی پێداویستییە داراییەکانی خۆیان و خێزانەکەیان بەبێ پشتبەستن بە کەسانی دیکە، وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی بەهێزکردن ناسراوە (UN Women, ٢٠٢٠).




